


# کۆمەڵێک وتووێژ لە ماڵپەڕ ڕۆژی کورد بەبۆنەی ٨ی مارس

کۆکردنەو و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# ناوەڕۆک

**بە بۆنەی ڕۆژی جهانی ٨ی مارس، ڕۆژی کورد ئاوڕێکی لەهەندێ لە چالاکوانانی بواری مافی ئافرەتان بە ڕوانگەی جیاوازی سیاسییەوە داوەتەوە، و چەند پرسیارێکی هێناوەتە ئاراوە. لە وتوویژی خوارەوە دا وڵامی پرسیارەکان ڕۆژی کوردی دەدەنەوە:**


١- خاتوو شلێر باپیری: تا ئێستاش ژن لە وڵاتی ئێمە پێگەیەکی دیاری نییە ........................................... ٣

٢- خاتوو سەحەر بەرکەند، و سەیران بایەزید حوسێنی: کورد بندەستی دوو بەرەی پیاوی کورد و دەوڵەتی داگیرکەرە ....... ٦

٣- خاتوو ناسک نەسیرزادە: ژنانی کورد بۆ سەرکەوتن، نابێ سەر بە هیچ حیزبێک بن ................................... ٩

٤- خاتوو ڕووناک فەتحی: ژنانی کورد لە سەرجەم دەستدرێژی و قوربانی بوونێکدا پشکی سەرەکییان بەرکەوتووە ......... ١١

٥- خاتوو ترووسکە سادقی: زۆربەی هەرەزۆری توندوتیژی لە هەمبەر ژنان لە لایەن ئاییینەوەیە ........................ ١٤

٦- خاتوو لەیلا قادری: بەشداری ژنانی کورد لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ئاستێکی نزم دایە ................ ١٩

٧- خاتوو فاتیمە عوسمانی: بەڕای من چەمکێک بە ناوی فێمینزمی کوردی بوونی نیە ................................... ٢٢

٨- خاتوو کازیوە ئەنامقی: نابێ چیتر ژنانی کورد بە "نیوە" بوون ڕازی بن ............................................ ٢٥

٩- خاتوو ئەرمین عوسمانی: ژن لە کوردستان دوو ئەرکی گرنگی دابین کردنی مافی نەتەوەیی و بەرفراوان کردنی گوتاری یەکسانیخوازی بە ئەستۆوەیە ........................................................................ ٢٨

١٠- بەڕێز ڕەسووڵ سوڵتانی: ڕزگاریی ژن بە خۆڕووتکردنەوە وەدی نایە ................................................ ٣٣

١١- خاتوو لیزا فەلەکەددین: کۆماری ئیسلامی دەبێ ڕێز لە مافی تاکەکان و کەمینەکان بگرێت ......................... ٣٨

١٢- خاتوو ژیلا موستەنجیر: هیچ یاسایەک پشتیوانی لە ژنی کورد ناکات ................................................ ٤١

١٣- خاتوو شەهلا یارحوسێنی: ژنێکی دەستەمۆم! ........................................................................ ٤٤

## تا ئێستاش ژن لە وڵاتی ئێمە پێگەیەکی دیاری نییە




## خاتوو شلێر باپیری

### چالاکی مافی ژنان،

**ڕۆژی کورد: فەلسەفەی دەست نیشان کردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ زۆر ژن لایان وایە کە دەست نیشان کردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ژن نەک ڕێزگرتن لە ژن نییە بەڵکو سنووردارکردنەوەی کێشەی ژنانە و جۆرێک بێ ڕێزیە، ئێوە ڕاتان چیە؟**

**باپیری**: ڕۆژی جیهانی ژنان ئەو ڕۆژەیە کە لە ئەمریکاوە مەشغەڵەکەی هەڵکرا و پاشانیش لە ئوروپا درێژەی پێ درا و کلارا زتکین لە حزبی سۆسیال دێموکراتی ئەڵمانیا و یەکێک لە چالاکانی بواری مافەکانی ژنان پێشێنیاری ئەو ڕۆژەی کرد و دواتریش لە ساڵی ١٩٧٥ یۆنسکۆ بە ڕەسمی ناونانی ئەو ڕۆژەی ڕاگەیاند. پێم وایە بە ئاوڕدانەوە لە مێژوو، دەبینین کە ناولێنانی ئەو ڕۆژە نە سنووردارکردنەوەیە و نە بێ ڕێزی. لە سەردەمێکدا ئەو ڕۆژە پێشنیار کراوە و کاری لەسەر کراوە کە ژن لە هیچ شوێنێکی ئەو جیهانە پێگەیەکی نەبوو. بە هەموو شێوەیەک دەچەوسێنرایەوە و بە خراپترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرا. ئەگەر چاوێک بەو مێژوویەدا بخشێنینەوە، دەبینین ڕۆژی ٨ی مارس بۆ ئەوسەردەم دەستکەوتێکی گەورە و بۆ ئەم سەردەمەش یادکردنەوەیەکە لە هەموو ئەو ژنانەی کە بە خەباتی بوێرانەیان سەرباری هەموو کوشتن و زیندانیکردنیان، بەڵام کۆڵیان نەدا و ڕۆژی ٨ی مارسیان لە مێژوودا تۆمار کرد. ئێمە دەبێ لەم سەردەمەدا بە چاوی ڕۆژێکی

سیمبولیک چاو لەو رۆژە بکەین، بەڵام بە بوونی مێژوویەکی پڕ لە خەباتی نەپساوە بۆ یەکسانی لە پشتییەوە. رۆژی ٨ی مارس، رۆژی پەیمان نوێکردنەوەیە لەگەڵ هەموو ئەو ژن و پیاوانەی کە بۆ مافەکانی ژنان هەوڵیان داوە و هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی مافە مرۆییەکان و دوور لە هەموو هەڵاواردنێک دەدەن.

**ڕۆژی کورد**: لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا، دۆخی ژنانی کوردستان بە گشتی و کوردستانی خۆرهەڵات بەتایبەتی چۆن دەبینن؟

**باپیری**: دۆخی ژنانی کوردستان لە ئاستێکی زۆرباشدا نابینم، راستە زۆر دەستکەوت وە دەست هاتووە و ژن تەنیا لە چوارچێوەی ماڵدا نەماوەتەوە، بەڵام ئەوە هەموو هاوکێشەکە نیە و پێم وایە ئامار و ڕووداوەکانی ڕوودەدەن، نموونەی بەرچاون کە تا ئێستا ژن لە وڵاتی ئێمە، پێگەیەکی دیاری لە هیچ بوارێکدا نیە و زۆرتر روکەشیە. هەروەها سیستەمی پیاوسالاریی و پەروەردەیی ژنانیشی تێوەگلاوە و ناهۆشیارانە درێژە بە نایەکسانیەکان دەدەن. سەبارەت بە دۆخی ژنانی رۆژهەڵات بەداخەوە پێم وایە بە هۆی ئەو دیکتاتۆریەتە کە لە ئێراندا زاڵە، شتەکان زۆر ناڕوونن و زۆرتر دەبێ لە زاری کەسانی ناوخۆوە هێندێک ئاگامان لە دۆخی ژنانی رۆژهەڵات بێت. لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی کەم لە ژنانی رۆژهەڵات خۆیان لە چوارچێوەی مرۆییدا دیتۆوەتەوە و خۆیان لە سیستمێکی پیاوسالاریی دەرهاویشتووە و لە ڕێگەی شێعر و نووسینەوە بۆچونی خۆیان دەردەبڕن. بە گشتی دۆخی رۆژهەلاتی کوردستان بە گشتی و دۆخی ژنان بەتایبەتی لە دۆخێکی باشدا نابینم و پێم وایە چەوساندنەوە و زوڵمەکان لە ژنان کە دەکرێن زۆر و بەربڵاوە، بەڵام لە پشت پەردەی سیستمێکی دیکتاتۆر و کلتورێکی دژە ژن، شاردراوەتەوە.

**ڕۆژی کورد**: فێمینیزمی کورد، لە چ دۆخێک دایە؟ چەمکێک بە ناوی فێمینیزمی کورد و فێمینیستی کورد، بە پێی پێوەری ڕاستەقینەی خۆی، هەیە؟

**باپیری**: بزووتنەوەیەک بە ناوی بزووتنەوەی فێمینیزمی کورد نابینرێ وهەست پێناکرێ. ئێستاش ئێمە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی فێمینیزمی جیهانی خۆمان پێناسە دەکەین و چالاکانی ژن و فێمینسیتەکان بەو هۆکارانەی کە دەکرێ لە داهاتوودا لە لێکۆڵینەوەدا ئاماژەی پێبکرێ، نەیانتوانیوە پێناسەیەکی تایبەت بە فێمینیستی کوردی بکەن و لە رووی تیۆرییەوە دانەرێژراوەتەوە و زۆرتر گوێ لێبوونە بە بێ چربوونەوەی لە فێمینیستم و لە نێوەندەدا فێمینیزمی کوردی بە تایبەتی. بە چاولێکردن لە هۆشیاری ژنانی کورد و کەمتر ئاگالێبوون لە ڕەوتی فێمینیزم و هەروەها نەزانینی واتاکەی دەبینین کە لەو لایەنەوە لە ڕەوتێکی زۆر لە دوایەداین و زۆر لاواز هەنگاو هەڵێنراوەتەوە. راستە چەمێک بە ناوی فێمینیزمی کرد بە شەو و رۆژێک دروست نابێت، بەڵام کەمتریش کارکراوە بۆ بوونی ئەو چەمکە و نوێکردنەوەی ڕەوتی

فێمینیزم لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی نوێی وەک کۆمەڵگەی رۆژهەڵات کە بە وشەی فێمینیزم و ئامانجەکانی زۆر نامۆیە.

**ڕۆژی کورد:** پێدەچێ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، ڕەوتی فێمینیستی یان کاڵ بۆتەوە یان هێندە تۆخ نەماوە بەڵام کورد تازە تێیدا گەرم و گوڕ دەبێ، ئەو قسە تا چەند ڕاستە؟

**باپیری:** کاڵبوونەوەی رەوتی فێمینیستی لە وڵاتانی جیهان نابینم، بەڵکو شێوەی کار و چالاکیەکان گۆران ونوێکراونتەوە. ئەو کاروچالاکیانەی رۆژانە و هەروەها لە رۆژە دیاریکراوەکانی ساڵدا کە دەگاتە لوتکە، درێژە پێدەری رەوتی فێمینسیتیە و نوێکردنەوەی ئەو رەوتەیە لە قالبێکی سەردەمیتردا. هەروەها دۆخی ژنی کورد لە کۆمەڵگەکەماندا وا دەخوازێت کە ئێمە هەر گەرموگوڕ بین و زیاتر پێداگیری لە ئامانجەکانی فێمینیزم بکەین. ئەو فێمینزمەی کە هەم ژن و هەم پیاو دەتوانن خۆیان تێیدا بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی نێوان ژن و پیاو ببیننەوە.

**ڕۆژی کورد:** قسەتان بۆ ژنانی کورد؟

**باپیری:** ئێمە ژنانی کورد زۆر پەرشوبڵاوین و تا ئێستا نەمانتوانیوە گشتگیر و پێداگیر لەسەر ئامانجەکانمان بین و زۆرتر لاوەکیانە چاو لە پرسەکە کراوە. بۆیە پێم وایە دەبێ بە زیاتر خوێندەوە و خۆ پێگەیاندن و نەکەونە ژێر چەتری بەرژەوەندە سیاسیەکان، زیاتر دەتوانین هاوکار بین بۆ باشتربوونی دۆخی ژن کورد و هەروەها باوەڕمان بە شوناسی ژنانەی خۆمان هەبێت بە باب و برا و هاژینەوە خۆمان پێناسە نەکەین کە ئێستاش زۆرن ئەوانەی لەو بازنەیە گلاون و هەستی پێناکەن. خەباتێکی دوورو درێژمان لە پێش ماوە و دەبێ پشوو درێژ بین.

**ڕێکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠١٦**



سەرچاوە Serchawe

## کورد بندەستی دوو بەرەی پیاوی کورد و دەوڵەتی داگیرکەرە




**خاتوو سەحەر بەرکەند. و خاتوو سەیران بایەزید حوسێنی**

**خاتوو سەحەر بەرکەند، چالاکی مافی ژنان و خاتوو سەیران بایەزید حوسێنی، شاعیر و چالاکی بواری مافی ئافرەتان،**

**ڕۆژی کورد: فەلسەفەی دەست نیشان کردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ زۆر ژن لایان وایە کە دەست نیشان کردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ژن نەک ڕێزگرتن لە ژن نییە بەڵکو سنووردارکردنەوەی کێشەی ژنانە و جۆرێک بێ ڕێزیە، ئێوە ڕاتان چیە؟**

**بەرکەند**: ئەوەی کە بە بێ ڕێزی بزانم، وەک خۆم پێم بێ ڕیزی یان سووکایەتی کردن بە ژن نییە بەڵام ئەوەی کە بمانهەوێ ژن بە ڕۆژێک سنووردار بکەین ئەوە بابەتێکی جیاوازە، ئەو ڕۆژە هێمایەکە کە مێژوویەکی لە پشتە کە هەرچەند ئیتر هێندە گوتراوە کە هەم ووکەس دەیزانێ بەڵام کورتە ئاوڕێکیشی لێدەدەمەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ خۆپیشاندانی ژنانی کرێکاری کارخانەی ڕستن وچنینی شاری نیۆرکی ئامریکا لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینی کە وەک بزاڤێکی مافخوازی بۆ باشترکردنی دۆخی پیشەیی و ئابووری ژنان بەتایبەت مافی حەقدەستی یەکسان وکەمکردنەوەی کاتژمێری کاری هاتە مەیدانی تێکۆشان کە دواتر هەموو ساڵێک یادی کراوە و دواتریش لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک ڕۆژێکی جیهانی بۆ ڕێز گرتن لە ئافرەتان دەست نیشنا کرا.



سەرچاوە
Serchawe

**بایزید حوسێنی**: دەتوانم بڵێم بێ ڕێزی نییە و بەڵکو بەرجەستە کردنی ژنان لە رۆژێکی تایبەت دایە.

**ڕۆژی کورد**: لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا، دۆخی ژنانی کوردستان بە گشتی و کوردستانی خۆرهەڵات بەتایبەتی چۆن دەبینن؟

**بەرکەند**: دۆخی ژنان لە کوردستان هێندە روون و ئاشکرایە کە لەوانەیە کورد بۆ کوردی باس بکا هەندێک سەیر بێ، ژن لە بندەستی، چەوسانەوە و زۆرداری دوو دەستەی پیاوی کورد و دەوڵەتی داگیرکەر دایە، کە پیاوی کورد لە ژێر کاریگەری ئیسلام و دەوڵەتی داگیرکەری نەریتی نەرم و نیانی کوردانەی خۆی لەبیر چۆتەوە کە قۆڵ لە قۆڵی ژن کار کردن بوو و لە ئەنجامدا ژن لە ئێستادا لە کونجی ماڵ پەستاوە و مافەکانی زەوت کراون، هەڵبەت ئەوە بەو واتایەش نیە کە ژنی کورد ئەو دەستەوەستانیییەی پێ قەبووڵ کراوە و دەستەمۆ بووە نا، هەوڵەکان بە چڕی لە گەڕدان.

**بایەزید حوسێنی**: بارووودۆخی ژنان لە کوردستانی رۆژهەڵات دەبێ دابەش بکرێ. دابەشکاری لە ڕووی ئاستی خوێندن و کاری دەرەوە و تەمەن و بارودۆخی ئابووری کە هەموویان دەست دەدەنە ناو دەستی یەکتری تا ژنێک کە تەمەنی کەم و خوێندەواری باشی هەیە بتوانێ باری ئابووری باش بکات و ژیانێکی باش و بێ چاو لە دەستی لە هاوژیانی و بنەماڵەی بباتە سەر و ئەگەر کێشە و گرفتێکیی لە ژیانیدا هەبێت، باشتر بڕیار دەدا بۆ مانەوەی لەو ژیانەدا یان باشتر کردنی ژیانی. ژێردە ست نابێ، بەڵام ژیانی ئێستای کچان وژنانی رۆژهەڵات بەعام باش نییە و دەبێ کورەکان باشتر وشیار کەینەوە و زانیاری باشیان بدە ینێ کە دەستێک بە تاقی چەپڵەی پێ لێنادرێ و هە ر نابێ ژنان لە ژیاندا بێدەنگی ڕاگرن تا وەک ژنێکی باش بناسرێن.

**ڕۆژی کورد**: فێمینیزمی کورد، لە چ دۆخێک دایە؟ چەمکێک بە ناوی فێمینیزمی کورد و فێمینیستی کورد، بە پێی پێوەری ڕاستەقینەی خۆی، بوونی هەیە؟

**بەرکەند**: من بە هۆی ئەوەی کە خۆم تا ئێستا چالاکی ڕەسمی لەباری مافی ئافرەتانەوەم نەبووە، لەوانەیە خۆم سەر بە هیچ جۆرە بزاڤێکی فێمینیستی کوردی نەزانم بەڵام ئەوەی بۆ من ئاشکرایە پرش و بڵاوییە لە ناو لایەنگرانی مافی ژن لە کوردستان، پرش و بڵاوییەکەش هەم لە ڕووی فکرییەوەیە هەم بۆچن و هەم کردەوە و هەم بەرنامە، زۆر جار وای لێدێ دژن بە یەکدەوەستنەوە بەڵآم بە گشتی هەر ئەوەی کە لە ڕۆژی جیهانی ٨ی مارس کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە کە زیاترین گرنگی پێداوە نیشانەدەری زیندووبوونی ئەو بزاڤەیە.

**بایەزید حوسێنی**: دە توانم بڵێم زۆر چالاک و بەرچاو کاریان بۆ ژنان نەکردووە، ئەوەش لەوانەیە بە هۆی ئەوەوە بێ کە چالاکنی فێمینستی کورد، تا ئیستاش ڕێکخراوەیەکی بە بەرنامە و یەکدەستمان نەبووە.

**ڕۆژی کورد**: پێدەچێ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، ڕەوتی فێمینیستی یان کاڵ بۆتەوە یان هێندە تۆخ نەماوە بەڵام کورد تازە تێیدا گەرم و گوڕ دەبێ، ئەو قسە تا چەند ڕاستە؟

**بەرکەند**: لە وڵاتانی تر کێشەکان زۆربەی چارەسەر بووە، هەر بزاڤ و ڕێکخراوێک تا کاتێک دەمێنێ کە ویست و ئامانجێک بمێنێ کە بە ئامانج گەیشت یان لە ناو دەچێ یان ڕەنگ و قەوارەی دەگۆڕێ، لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی وای لێهاتووە بەڵام لە کورددا تازە خەریکە هاوشان لەگەڵ بزووتنەوە و داواکاری سیاسی، داوای مافی ژنی کوردیش وەک چینێکی کۆمەڵگا دەکرێ و دڵنیاشم ئەگەر ئەوڕۆش بە ئەنجام نەگا ئەوە سبەی ڕۆژ دەتوانێ ژێر خانێکی باش بێ.

**بایەزید حوسێنی**: لەو وڵاتانە کێشەی زۆرداری و ژێردەستی و چەوسانەوەی ژنان زۆر کەمتر بووە بۆیە کەمرەنگتر بووە، بەڵام بەداخەوە ژیانی ژنانی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ ناخۆشتر و خراپتر دەبێت. بۆخۆمان دە بێ هە وڵ بۆ خۆمان بدەین، چاوەڕێی مووحیبەت و پشت گرتن و پاڵ وێدان بە کەس نەبین. هەموو کەس تا سەر بۆمان نامێنێ ئەە کات ئیحساسی ئاسایش و هێمانیەتی لە ژیانماندا ناکە ین.

**ڕۆژی کورد**: قسەتان بۆ ژنانی کورد؟

**بەرکەند**: لاموا نیە من حەددی ئەوەم هەبێ قسەیەک بە خوشکان و دایکانی خۆم بڵێم وەک ئامۆژگاری هەر بۆیەش تەمەنا دەکەم با سەرەتا گشتمان مافەکانی خۆمان بناسین و هەوڵ بدەین بە کۆکی و هافکری بگەین و دەست بخەینە دەستی یەک بۆ گەیشتن بە ئاسۆی ڕوون. هەشتی مارس لە هەر هەموو لایەک پیرۆز و ئاواتم بەختەوەریتانە.

ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦

---

# ژنانی کورد بۆ سەرکەوتن، نابێ سەر بە هیچ حیزبێک بن




**خاتوو ناسک نەسیرزادە**

**چالاکی سیاسی و بواری مافی ئافرەتان،**

**ڕۆژی کورد**: فەلسەفەی دەست نیشان کردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ زۆر ژن لایان وایە کە دەست نیشان کردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ژن نەک ڕێزگرتن لە ژن نییە بەڵکو سنووردارکردنەوەی کێشەی ژنانە و جۆرێک بێ ڕێزیە، ئێوە ڕاتان چیە؟

**نەسیرزادە**: ڕۆژی هەشتی مارس بۆ ژنان ڕۆژێکی مێژووییە چونکە ژنان لەو ڕۆژەدا قوربانیان بۆ داوەو لە ئێستایشدا ژنان بوونە پێشەنگ بەتایبەتی ژنانی کورد، لە ئێستادا ڕۆژی ٨ی مارس نەک پیاوان ناتوان ژن سنووردا بکەن، بەڵام بەداخەوە دەیانهەوێت ئەو ڕۆژە کە وەک ڕۆژی سیمبولی ژنان ناسراوە بچوکی بکەنەوە لەو ڕۆژەدا بە بیانووی جۆراوجۆر، کەسایەتی ژن بشکێنن.

**ڕۆژی کورد**: لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا، دۆخی ژنانی کوردستان بە گشتی و کوردستانی خۆرهەڵات بەتایبەتی چۆن دەبینن؟

**نەسیرزادە**: لە ئێستادا ژنانی کورد وەک دەبینرێت بوونە پێشەنگ و بگرە گەورەترین دوژمنی مرۆڤایەتی کە داعشە لە

تێکۆشانی ژنانی کورد دەترسن، ئەو بابەتە بە باشیش لە تەواوی جیهان و میدیاکاندا دەنگی داوەتەوە، سەربارەت بە ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوینیش دەبینرێت کە لەئێستادا نەک بە هێواشی بگرە زۆر بە خێرایی تێکۆشانی ژنان لە مەیدانەکاندا بەرەو پێشەوە دەچێت، نمونەی هەرە زیندویش ژنانی ئەفغان و میسر و وڵاتانی تری ناوچەکەیە، چون لە پێشتردا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین نەک ژن مافی هیچی نەبوو بگرە ڕۆژانە لەژێر ناوی جۆراوجۆردا بە دڕندانەترین شێوە دەکوژران، بەڵام ئەمرۆ دەبیندرێت لە کاتی کوشتینی یەک لە ژنانی ئەفغانی بەناوی فەرخوندە بە هەزاران ژن دێنە سەر شەقامەکان ئەو کردەوانەی پیاوان کە لەدژی ژنانی ئەنجامی دەدەن شەرمەزار دەکەن لەهەمان کاتیشدا پەیکەر بۆ قەربانیێکە لە شۆێنی ڕوداوەو کە درووست دەکەن، ئەمە پێشکەوتینێکە لە ژناندا بەدی دەکرێت.

**ڕۆژی کورد**: بوونی پارتێک بە ناوی پارتی فێمینیستی کورد، لە هەندەران و بێ هەبوونی هێزی چەکدار و توانایی هەڵسووڕانی فەرمی لە ناوخۆی وڵاتدا چۆن دەبینن؟

**نەسیرزادە**: سەربارەت بە فێمینسیتی ژنانی کورد، ژنی کورد لە ژێر هەرناوێکدا خەبات بۆ ئەوە بکات کە بگات بە یەکسانی، شتێکی باشە بەڵام بەداخەوە هەر ڕێخکراوێکی ژن لە کوردستانە بەدی دەکرێت هەرناوێکی هەبێت، دەبێت بە خەت و نیشان کێشانی یەکێک لە حزبەکان بەڕێوە بچێت و لە پیاوان دەستور وەرگرن، ئەمەیش سیاسەتێکە لەلایەن پیاوانەوە بۆ بچوک کردنەوەی ژنان پەیرەو دەکرێت بەس ئەمە پرسیارە بۆچی پیاوان دایم لە دەسەڵاتدارێتی ژنان دەترسن، خۆی لە خۆیدا ئەمە پرسیار.

بوونی حیزبی ژنان بە مانای ئەوە نیە کە خاوەنی چەکداری بیت. چونکە ژن خاوەنی کارزمای خۆیەتی.هەر بۆیە لەکاتی هاتنە مەیدانی ژنان بۆ پیاوان دەبیتە هۆی شتیکی چاوەڕوان نەکراو. کە لە هەر سەردەمێکی مێژوو بڕوانین ژنان پێشەنگیان کردبێت ئەوا ئەو کارە سەرکەوتنی بە دەست هێناوە. نموونەش زۆرن کە من لێرەدا تەنیا ئاماژە بە ژنانی کوبانی دەکەم کە بوونە سیمبولی بەرخۆدان.

**ڕۆژی کورد**: قسەتان بۆ ژنانی کورد چیە؟

**نەسیرزادە**: ئەگەر ژنانی کورد بەڕاستی خۆیان سەر بە هیچ حیزبێک نەکەن، دەبنە گەورەترین هێز لە ڕۆژهەلاتی ناویندا. هەر بۆیە پیاوان ئەو دژایەتیانەی بەرامبەر بە ژنان بەکار دێنن لە بەرامبەر دوژمن بەکاریان بهینابا ئیستا لە ئاستی سەرکەوتنێکی گەورەدا بووین.

ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# ژنانی کورد لە سەرجەم دەستدریژی و قوربانی بوونێکدا، پشکی سەرەکییان بەرکەوتووە




**خاتوو ڕووناک فەتحی**

**چالاکی سیاسی و بواری مافی ئافرەتان،**

**ڕۆژی کورد: فەلسەفەی دەست نیشان کردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ زۆر ژن لایان وایە کە دەست نیشان کردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ژن نەک ڕێزگرتن لە ژن نییە بەڵکو سنووردارکردنەوەی کێشەی ژنانە و جۆرێک بێ ڕێزیە، ئێوە ڕاتان چیە؟**

**فەتحی**: فەلسەفەی دیاریکردنی رۆژی ٨ی مارس وەک رۆژی نێونەتەوەیی ژن دەگەڕێتەوە بۆ پیشینەی مێژووی خۆپیشاندانی ژنانی کرێکاری کارخانەی رستن وچنینی شاری نیۆرکی ئامریکا لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینی کە وەک بزاڤێکی مافخوازی بۆ باشترکردنی دۆخی پیشەیی و ئابووری ژنان بەتایبەت مافی حەقدەستی یەکسان وکەمکردنەوەی کاتژمێری کاری هاتە مەیدانی تێکۆشان.

داخوازەکانی ئەم بزاڤە و نارەزایەتی دەربرین لە بەرانبەر پێشێلکاری مافەکانی ژنان لەگەڵ ئەوەی ڕووبەرووی سەرکوت ودانی قوربانی بویەوە لەهەمانکاتدا بوو بە هەوێنی گوتاری مافخوازی ژنانی ئەمریکاو بەشێک لە وڵاتانی رۆژئاوا بۆ داکۆکی کردن لە هەموو مافەکانی ژنان لە بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەلایەتی. لەسەر پێشنیاری کلارازتکین لە ساڵی ١٩١٠

ئەم رۆژە وەک رۆژی جیهانی ژنان دیاریکرا.لە کۆتایدا لە ساڵی ١٩٧٨ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان رۆژی جهیانی ژنانی بە فەرمی ناساند. دیاریکردنی رۆژێک لە ساڵدا بۆ ریزگرتن لە بزوتنەوەی بەرەنبەرخوازی ژنانی جیهان، لە ناوەرۆکی خۆیدا دانپێدانانە بە بوونی هەلاواردنی رەگەزی وپێشێلکاری بەرانبەربە مافە ئینسانیەکانی ژنان لە ژێر سێبەری بیری پیاوسالاری و دەسەڵاتە ئیدۆلۆژیک ونادیموکراتیکەکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. ڕەنگە تێروانینی ژنی کورد بۆ ئەم رۆژە بە هۆی چەوساندنەوەی چەند قات زیاتر لە ژنانی جیهان تێڕوانینێکی بە تەواوی ئەرێنی نەبێ. هاوکات نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە خەباتی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانی کوردستان دابراو نیە لە خەباتی ژنانی جیهان بۆ دەستەبەرکردنی ماف وئازادیە بەرحقەکانی. هاوخەباتی ژنی کورد لەگەڵ بزووتنەوە مەدەنیەکانی داکۆکیکار لە مافی ژنان وریزگرتن لە بۆنەو یادەکانی تایبەت بە ژنان نیشانەی هۆشیاری و پێگەیشتووی ژنانی کوردە بۆ دۆزی رەوای خۆیان.

**ڕۆژی کورد**: بوونی پارتێک بە ناوی پارتی فێمینیستی کورد، لە هەندەران و بێ هەبوونی هێزی چەکدار و توانایی هەڵسووڕانی فەرمی لە ناوخۆی وڵاتدا چۆن دەبینن؟

**فەتحی**: هەڵگرتنی هەر هەنگاوێک لە سەر بنەمای باوەر بە مافی بەرانبەر لە چوارچێوەی پارت یان رێکخراوێکی یەکسانیخواز بە لەبەرچاوگرتن وتێگەیشتن لە واقیعی پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان دەتوانێ هەنگاوێکی ئەرێنی بێت. ئەگەر ئەمرۆ چەمکی فێمینیزم بە هەموو باڵ وروانگە فرە رەهەندەکانیەوە کە خۆی لە بزاڤێکی کۆمەڵایەتیدا پێناسە دەکات، بە درێژای مێژووی سەرهەڵدانی لە سەدەی ١٧ی زایینی وەکووبزاڤێکی فیکری پانتایی جهانی گرتوەتەوە؛ بەڵام وەکوو زۆر لە چەمکەکانی دیکە نەیتوانیوە لە سەر بنەمایەکی زانستی وتیئۆری کاریگەری لەسەر بیروهزری تاکی کۆمەڵگای کوردستان دابنێ. نەک لەبەر ئەوەی کە ئەم چەمکە بەرهەمی فیکری تاکی کورد نەبووە، بەڵکوودامەزرانی هەر پارت ورێکخراوێکی تایبەت بە توێژی ژنان بە هەر تێروانینێکی فیکری، بە بێ لەبەرچاونەگرتن وخوێندنەوەیەکی راست ودروست بۆواقیعی کۆمەڵگای کوردستان لە گشت بوارەکانی سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی وکلتووری وەک خالێکی گرینگ وجەوهەری ناتوانێ بە ئامانجی دڵخوازی خۆی بگات. ئەگەر ئەمرۆ بەشێکی زۆر لە ژنانی جیهان بە تایبەتی ژنانی وڵاتانی رۆژئاوای وئامریکا بە خەباتێکی دووردیژ بە زۆبەی زۆری مافە مرۆڤیەکانیان گەیشتوون و لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی،ئابووری وسیاسیی نەخش ورۆڵی گەورەو بەرچاویان لە گەشەسەندن وپێشکەوتنی وەڵاتەکانیاندا هەیە، ئەوە تەنیا بەرهەمی تێکۆشانی بزووتنەوەی فێمینیستی وەک مەکتەبێکی فیکری لەسەر بنەمای نەمانی هەڵاواردنی جنسی نەبووە، بەڵکو دەستەبەربوونی مافە ویستەکانی ژنانی رۆژئاوا چەندە بەرهەمی خەباتی مەدەنی وسیاسیی خودی ژنان بووە ئەوەندەش پێوەندی بە گۆرانی قوڵی کۆمەڵایەتی، ئابووری وکلتووری گەشەسەندووبە بیری تاکەکانی کۆمەڵگا بەرانبەر بە دۆزی رەوای ژنان بە ئەژماردێت. بە باوەری من مەودای جیاوازی روانگەی فێمینیستی لە نێوان کۆمەڵگا کوردستان و رۆژئاوا کە بەلانکی ئەم مەکتەبە فیکریە دادەنرێ مەودایەکی زۆر دوورە. ژنانی کوردستان تا بە ئەمرۆش رووبەرووی پێشێلکاری

سەرەتایترین ماف وئازادیەکانی دەبێتەوە، لە لایەک بە هۆی دەسەڵاتی ئیستبدادی داگیرکەرانی کوردستان، لە لایەکی دیکەشەوە کلتوورو ئایینی چەقبەستوو کە بە بیرێکی تەسکی تەواو پیاوسالارانە ژنانی خستوەتە پەراوێزی کۆمەڵگا، مافی ژنان بە ئاشکرا پێشێل دەکری. لە کۆمەڵگایەکدا کە رۆژانە تراژیدیا دەخولقی وژن لە ژێر ناوی "شەرەف" گیانی لێ ئەستێندری، لە وەها دۆخێکدا بەو مەودا زۆرە لە جیاوازی، هەنگاوی کردەیی بۆ پرسی یەکسانی ونەمانی هەڵاواردنی رەگەزی لە پێشدا پێویستی بەستێن سازیە بۆ گۆران لە کلتووروساختاری کۆمەڵگا بە خەباتێکی لێبراوانە وبەردەوامی ژنانی کوردستان سەرەرای هەموو جیاوازیە فیکریەکانیان لەسەر پرسی ژنان، دەبێ لە خاڵێکی هاوبەشدا ژنان لە چوارچێوەی پارت وڕێکخراو مەدەنییەکاندا کار بۆ گۆران لە م بوارانەدا بکەن. چون لە ئێستادا نە زەمینەی پیادەکردنی بیری فێمنیستی ئامادەیە ونە بەبێ بەستێن سازی بۆ گۆرانێکی فیکری، لە بواری کلتووری، ئایینی ولە کۆتایدا گۆران لە ساختاری سیاسیی کە پانتایی تێفکرینی کۆمەڵگای بەانبەر بە مافی ژنان تەنیوەتەوە، جێگیری بوونی چەمکی فێمنیستی تەنیا لە چاچێوەی رەواڵەتی بیرۆکەدا دەمێنێتەوە.

**فەتحی**: دۆخی ژنانی کوردستان لە ئێستا دا کەوتوەتە ژێر کاریگەری راستەوخۆی کەشی سیاسیی وکۆمەڵایەتی ناسەقامگیرکە لە ناوچەدا هاتوەتە ئاراوە. ئەمە سەرەرای بوونی قەیرانی ئابووری کە دۆخێکی نالەباری لەسەر ژیانی کۆمەڵگا بە گشتی وژنان بەتایبەتی داناوە. بەداخەوە لە لایەک بە هۆی دەسەڵاتەکانی زاڵ بەسەر گەلی کورد لە سێ بەشی کوردستاندا ژنانی کورد بەرەورووی دۆخێکی نەخوازراو بووەتەوە. بەجۆرێک کە ژنان لە دەستریژی وقوربانیداندا پشکی سەرەکیان پێ براوە. لە لایەکی دیکەشەوە کلتووری پیاوسالاری وەک میراتێکی دواکەوتوولە هەمووبەشەکانی کوردستان بەردەوام لە شکڵ و شێوازی جۆاوجۆردا لە دژی ماف و ئازادیەکانی ژنان دووپات دەبێتەوە. بەگشتی دۆخی ئێستا بۆ ژنانی کورد لە هیچ بوایێکدا دۆخێکی دڵخواز نیە.

**ڕۆژی کورد**: قسەتان بۆ ژنانی کورد؟

**فەتحی**: سەرەڕای هەموو کۆسپ و لەمپەرەکانی سەر رێگای بزووتنەوەی ژنی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، دەبێ بە ئیرادەیەکی پتەوتربە باوەرێکی قووڵتر بە پرسی یەکسانیخوازی درێژە بە خەباتی لێبراوانە بدەین دژی زوڵم وچەوساندنەوەی بیری پیاوسالاری کۆمەڵگا ودەسەڵاتی دژە ژن ودواکەوتووی داسەپاو بەسەر کوردستاندا. ژنی کورد بە ئەزموونی نزیک بە یەک سەدە تێکۆشان وقوربانیدان لە پێناوماف وئازادی نەتەوایەتی ودەستەبەرکردنی مافە مرۆڤیەکانی خۆی، لە ژێر سیستمێکی ئازاد ودێموکراتیک لەسەر بنەمای رێزگتن لە مافی بەرانبەر ئاسۆیەکی روونی لە پێشە.

ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# زۆربەی هەرەزۆری تووندوتیژی لە هەمبەر ژنان لە لایەن ئایینەوەیە




**خاتوو ترووسکە سادقی**

**ڕۆژنامەوان و بواری مافی ئافرەتان،**

**ڕۆژی کورد: فەلسەفەی دەست نیشان کردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ زۆر ژن لایان وایە کە دەست نیشان کردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ژن نەک ڕێزگرتن لە ژن نییە بەڵکو سنووردارکردنەوەی کێشەی ژنانە و جۆرێک بێ ڕێزیە، ئێوە ڕاتان چیە؟**

**سادقی**: بەرای من ئەوە بێ ڕێزی نییە، بەڵکو تێنەگەیشتنە لەو پرسەی پێی دەوترێ پرسی ژن. لە٨-ی مارسی ساڵی ١٨٧٥ ژنانی کارگەیەک لە ئەمریکا لەدژی ئەو نادادپەروەرییەی بەرامبەریان دەکرا، خۆپێشاندانیان کرد،وئەو کات ئەو ڕۆژە هەتا ساڵانێک وەکوو ڕۆژی ژنانی کرێکار دەناسرا،و ناوی دەهات. دیارە یەکەم چوونکە ژنە نارازییەکان کرێکار بوون،و دواتریش حزبی سوسیالیست یان حزبی کارو سوسیالیستی ئەمریکا گرنگی پێداو هێنایە بەرباس. ئەوە بەرای من خۆی لەخۆیدا کێشە نییە، کە یادی ئەو ژنانە دەکرێتەوە کە دژی نادادپەروەری وەستاونەتەوە. بەڵام کێشەکە لەدوو مەسەلەدایە. یەکەم ڕۆژەکە لەلایەن ڕێکخراوەو سەندیکاکان واتا لەلایەن خەڵک و خودی ژنانەوە نەکرا بە مەوزوع و گەورە نەکرایەوە، بەڵکو لەلایەن حزب و لایەنێکی سیاسییەوە کاری بۆ دەکرا، کە چاوی لەشەقامی ئەمریکا و بەوتەی خۆیان نیوەی کۆمەڵگا

بوو، بۆ ئەوەی جێ پێی خۆیان لە ئەمریکای ئەو کاتدا بکەنەوە، و هەروەکوو باسم کرد، هەتا ساڵانێک ڕۆژی هەشتی مارس ڕۆژی ژنانی کرێکار بوو. دەمهەوێ بڵێم ڕۆژەکە ڕۆژێکی ئیدئۆلۆژیک و سیاسی بووە. خاڵی دووەمیش بەرای من ڕۆژی هەشتی مارس هەرچۆنێک هاتبێتە سەردەمی ئێمە، ئێستا خۆی گونجاندووە، بەڵام فارس وتەنی سورەتی پرسەکە (کێشەکە) بەخراپی گۆراوە، چونکە زۆرتر لەڕۆژی خۆشەویستی بۆ ژنان دەچێت،

هەتا ڕۆژی یادکردنەوەی ئەو نەهامەتیانەی بەرامبەر ژنان کراوە. جا لە سوسیالیستەکانەوە بگرە هەتا ئەو پەری لیبراڵ لەو نەهامەتییەدا دەستیان هەبووە، لای سوسیالیستەکان بۆ بازارگەرمی سیاسی و فیکری و لای لیبراڵەکانیش بۆ مارکتینگی سیاسیی و دارایی. بۆیە لای من هەشتی مارس هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕۆژەکانی دیکە نییە، چونکە دەبێ هەوڵ بۆ تێگەیشتن لە پرسی ژن لەهەموو ڕۆژەکانی ساڵدا بەردەوام بێت.

**ڕۆژی کورد**: لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا، دۆخی ژنانی کوردستان بە گشتی و کوردستانی خۆرهەڵات بەتایبەتی چۆن دەبینن؟

**سادقی**: من کاتی خۆی لەسەر ژنانی کۆبانێ وتارێکم بەفارسی نووسی، کە لەمەدرسەی فمینیستیدا باسوخواستی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەم کە پرسی ژنان لەجیهاندا دەبێ دابەشی دوو قۆناغ بکرێت، قۆناغی پێش کۆبانێ و قۆناغی دوای ڕزگارکردنی کۆبانێ، چونکە ژنانی کورد ڕۆڵی سەرەکیان لەئازادکردنیدا هەبوو، دیارە من پێموایە ئەو ئیدئۆلۆژییە چەپە لەوێش یەخەی ژنانی بەرنەدا،و هەندێک کات بازارگەرمی بۆ لایەنێکی سیاسی پێوەکرا، بۆ ئەوەی سرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رای گشتی جیهانی رابکێشن، بەڵام لەئەنجامدا ژنی کورد دووبارە سەلماندی کە دەتوانێ لەخەباتی چەکداری و خەباتی نەتەوەییدا لەریزی هەرە پێشەوە بێت. ئەوە لای کورد هەمیشە هەبووە، لەڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەتا ئێستاش و لەسەردەمی خەباتی چەکداریشدا ژنان هەر چەک بەدەست بوونە، بۆیە پێموایە لەخەباتی چەکداریدا ژنانی چوارپارچەی کوردستان رووسوورن. بەڵام من هەمیشە دەڵێم پرسی ژن لەدوای رزگاریی نەتەوەییەوە دەستپێدەکات، وایە پرسە سیاسییەکان و داخوازییە نەتەوەییەکان رەگەز ناناسن،و ژن و پیاو لەو نیشتمانەدا دەبێ خەباتی بۆ بکەن، و ژنانیش کردوویانە. بەڵام بەراستی دوای رزگاری ژنان لەشاردا دۆخیان چۆن دەبێت. پێموایە ئەو ژنانەی لەکۆبانێ بەگیان و روحیان بەرگریان کرد، زۆربەیان سبەی دواڕۆژ دەچنەوە ماڵەکانیان لەحەسەکەو کۆبانێ و سەرێکانی و هەتا دوایی. وەکوو چۆن لەباشوورو ڕۆژهەڵاتیش هەر وای لێهات. رەنگە بوترێت ها لەباکوور هاوسەرۆکەکان ژنیان تێدایە،و ژنان لە لیستی پەرلەمانی کوردیدا چەندە بەرچاون، بەڵام لەهەموو باکوور یەک لەیلا زانا هەیە، کە خۆیەتی،و کەس ناتوانێ بازار گەرمی پێوە بکات، ئەوەیتر هەمووی جوانکردنی ئیدیۆلۆژییەکی سیاسییە. چونکە هەر ئێستا لەباکووری کوردستان زۆرترین توندووتیژی بەرامبەر ژنان دەکرێت، هەندێک نەریتی کۆن بەرامبەر ژنان لەباکوور هەر ماوە، کە



سەرچاوە Serchawe

لەپارچەکانی دیکە لەمێژە نەماون،و بەشێکی بەرچاو لە چەک بەدەستانی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیی لەباکوور خۆیان لەترسی توندوتیژی خێزانەکانیان هەڵاتوون،و بوونەتە گریلا یان پێشمەرگە. دەمهەوێ بڵێم لەکوردستانی گەورە پرسێکی هاوبەش هەیە، ئەویش پرسی توندتووتیژیکردن لەگەڵ ژنانە، پرسی نادادپەروەری بەرامبەر ژنانە، پرسی نێرسالارییە، با ئەوە لەگەڵ پرسە سیاسییەکان تێکەڵ نەکەین. قسەکە ئەوەیە کۆمەڵگا و سیاسییەکان و ژنان خۆیان هیچ پرۆژەیەکیان بۆ دوای بەئەنجام گەیشتنی خەباتی سیاسی هەیە، من دەڵێم نیانە، چونکە لەراستیدا تێروانینەکانی کۆمەڵگا بەنیسبەت ژنان و ژنان بەنیسبەت خۆیان نەگۆراوە.

**ڕۆژی کورد**: فێمینیزمی کورد، لە چ دۆخێک دایە؟ چەمکێک بە ناوی فێمینیزمی کورد و فێمینیستی کورد، بە پێی پێوەری ڕاستەقینەی خۆی، بوونی هەیە؟

**سادقی**: دەزانی ئەو چەمکە وەکوو زۆربەی چەمکەکانی دیکە خەریکە لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست لەمانا راستەقینەکەی خۆی دەکەوێت، چونکە بەر لەوەی باوەر یان قۆناغێک بۆ گەیشتن بەئەنجام بێت، خۆی مۆدێلێکی ڕۆژئاواییە، ئێمە هاتووین دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی بە تێگەیشتنێکی ڕۆژهەڵاتی باس دەکەین، ئەوە هەڵەیە. فێمێنیزم واتا دادپەروەری نێوان دوو رەگەز، بۆ دروستبووە؟ بۆ فێمەیلیزم نیە؟ چونکە کۆمەڵێک ئینسان هەستیان کردووە، نادادپەروەری بەرامبەر ژنان کراوە،و دەبێ هەوڵ بدەن دەرفەتی وەکوویەک بۆ ژنان و پیاوان دروست بکرێت.

بزوتنەوەی سیاسی کورد لەهەموو پارچەکان لەبەر ئەوەی لەبنەمادا بزوتنەوەیەکی دیموکراسیخوازو سیکۆلار بووە، ئۆتۆماتیک چەندین قۆناغی بۆ فێمینزمی کوردی کەم کردۆتەوە، چونکە شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم لەساڵی ١٩٦٠ بە پێشەنگی مەری ڤێلسۆن کرافت بزوتنەوەیەکی مافخوازانە بووە، کە ١٠ ساڵ دوایی بە بەیاننامەیەکی ٣٠٠ لاپەرەی ئەو باسەی درووژاند،و گەورەترین دەرهاویشتەشی چەسپاندنی مافی دەنگدان بۆ ژنان بوو. لەکوردستاندا و لەفەلسەفەی سیاسیی کوردەکان دەنگدان بۆ ژنان ئاساییترین بابەت بووە.

شەپۆلی دووەمی فێمینیزمیش کە دوو گەورە ژنی جیهان واتا سیمۆن دوبووارو ڤێرجینیا ڤۆڵف پێشەنگیان دەکرد، باسیان لەوە دەکرد ژنان دەبێ جگە لەسیاسەت دەبێ باس لە مافە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانیان بکەن، و دەبێ کارکردنی ژنان لە دەرەوە وەکوو پیاوان ئاسایی بکرێتەوە. ئەوەش تا رادەیەکی زۆر لەکوردستاندا هەیە،و ژنان مافی خوێندن و لانیکەم لەرووی یاسا مافی بەدواداچوون بۆ مافە کلتووری و کۆمەڵایەتییەکانیان هەیە. لەباشووری کوردستان کە تاکە دیفاکتۆیە ئەو مافانە لەرووی یاسا چەسپیون،و فەلسەفەی حزبە سەرەکییەکانی پارچەکانی دیکەش ئەو دڵنیاییەمان پێدەدات، کە رەنگە کێشەکی ئەوتۆیان لەگەڵ ئەو مافانە نەبێت.

بەڵام فێمینیزمی کوردی لە شەپۆلی سێیەمی فێمینیزمدا ماوەتەوە،و ئەوە زیاتر لەسەدەیەکە نەیتوانیوە لێی دەرباز بێت. لەسەرەتای سەدەی بیستەم ژمارەیەک نووسەر بە سەردەستەیی جولیا کریستووا کە دواتر بەشەپۆلی سێیەمی فێمینیزم ناسران، رەخنەی توونديان لە سیمۆن دوبووار و تیرۆریدارێژەرانی شەپۆلی دووەم گرت، ئەوان دەیانوت دوبووار پێکهاتە و ئەدەبیاتی باوی قسەکردنی کۆمەڵگاو هاوکات ناوشیار (ناخوداگاە)-ی کۆمەڵگایان لەبیرکردووە. بەرای جولیا کریستووا شەپۆلی دووەم خەریکە بە پێوانەیەکی پیاوانە قسە لەسەر ژنان دەکات، یان پیاوی کردۆتە پێوەری هەڵسەنگاندنی ژنان. شەپۆلی سێیەم دەلێ فێمینیزم دەبێ هەوڵ بدات لە هۆکاری نادادپەروەری و نایەکسانییەکان تێبگات.

جا ئەوەی ئێستا لەکوردستان روودەدات بەهەندێک جیاوازییەوە خۆی لەدوا شەپۆلی فێمینیزمدا دەبینێتەوە، دەزانی ژنان خۆیان ئەکتەر نین،و خۆیان خاوەنداریيەتی فێمینیزم ناکەن، بەڵکو دوو حاڵەت بوونی هەیە، زۆربەی هەرە زۆری ژنانی کوردستان ئەو چەمکە ناناسن و بەرامبەری بێ تەفاوتن،و هەندێک بژاردەش خەریکە بە قامچی فێمینیزم پیاوان دەکوتن، لەکاتێکدا ئەوە هەڵە گەورەکەیە، ژنی کورد دەبێ بەر لە گۆرینی جیهانبینی پیاوان دەبێ هەوڵبدات جیهانبینی خۆی بۆ داهاتووی خۆی و ژنان و کۆمەڵگا بەگشتی بگۆرێت. ژنان دەبێ پەنجە لەسەر برینەکە دابنێن، چونکە باشووری کوردستان نیشانی داین، کە سیکۆلاربوونی حکومەت و یاساکانی ناتوانن رێگە لەکوشتنی ژنان بگرن. ئێستا پرسە گرنگەکە توندوتیژی و کوشتنی ژنانە. دەزانی فێمینیزم لەدژی سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی لەدایکبووە، کە مافی کەمتری بە کرێکاری ژن بەنیسبەت کرێکاری پیاو داوە. بەڵام لەکوردستان حاکم و سیستەمی سیاسی بەدبەختییە گەورەکەی ژنان نین، بەڵکو ئەوە لەلایەک نەریت و ئایینە بینەقاقای ژنانی گرتووە، و لەلایەکی دیکەش جیهانبینی بەرتەسکی خودی ژنان رێگەی لێگرتوون.

**رۆژی کورد**: پێدەچێ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، رەوتی فێمینیستی یان کاڵ بۆتەوە یان هێندە تۆخ نەماوە بەڵام کورد تازە تێیدا گەرم و گوڕ دەبێ، ئەو قسە تا چەند ڕاستە؟

**سادقی**: من لەگەڵ ئەوە نیم کە فێمینزیم لە وڵاتانی جیهان کاڵ بووبێتەوە، رەنگە شێوازو خولیاکانیان گۆڕابێت، بەڵام هەر بەردەوامن، بۆ نموونە ساڵانە لەکاتی دیاریکردنی شاجوانی جیهاندا دەبینین، کە خەڵکانێک هەن، لەدژی بەوتەی خۆیان بەکاڵاکردن و نیشاندانی تەنیا جوانی جەستەو رووخساری ژنان و پێوەرەکان دیاریکردنی شاجوانی جیهان خۆپێشاندان دەکەن. دەبینین کە ژنان لەبەردەم میتینگەکانی ئیسلامییەکان خۆیان رووت دەکەنەوە، وەکوو نارەزایی دەربرین لەدژی دۆخی ژنان لە ناو ئیسلام و وڵاتەکانیان. دەبینین کە لیبراڵە میانەرۆکان و سوسیالیستەکان بەردەوام لەدژی بە مارکێتکردنی ژنان دەنووسن و خۆپێشاندان دەکەن،و ئێستاش لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا ژنان بەهۆی مەسەلەی ناموسی یان بەوتەی خۆیان خیانەتی خۆشەویستەکان بەیەکتر دەکوژرێن،و نارەزاییەکانیش هەر بەردەوامن.

بەڵام لە کوردستان فەلسەفەی فێمینیزم لەگەڵ پرسی ژنی کورد یەک ناگرێتەوە، هەربۆیە پێموایە شتێک بەناوی فێمینیزم لەکوردستان چارەی دۆخی ژنان ناکات. دەزانی ژنان ئەوەندەی حەزیان لەوەیە ببنە پزیشک یان گۆرانیبێژو نیگارکێش و تەنانەت ئەندازیار، پێیان خۆش نییە بچن سیاسەت بخوێنن، یان ببنە رۆژنامەنووس و پارێزەر، یان لەو بەشانەدا پسپۆری وەربگرن،کە دواتر دەیانکاتە دیپلۆماتکارو سیاسەتمەدار. دەزانی ئەگەر لێکۆلەرێکی یاسایی و سیاسیی ژن هەبوو، با هەر لە دەفتەری سیاسییەکان قبووڵی نەکەن، بەڵام خوێنەرو شەقام گوێی لێدەگرێت، و دەبێتە مژار.

**ڕۆژی کورد**: قسەتان بۆ ژنانی کورد؟

**سادقی**: کورد و مێژووەکەی بەرامبەر ژنان نەرم بووە، کە ئاور بدەینەوە دەبینین کە فۆلکلۆرە هەرە کۆنەکانمان لە روناکبیرەکانی ئێستامان سیکۆلارتر لەژن دەروانن، واتا لەمێژووی کورددا ژن و پیاو لەرووی پێگەی کۆمەڵایەتی جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، ڕەنگە بەرپرسیارییەتی جیاوازیان هەبوو‌بێت، بەڵام هیچیان بەسەر ئەویتردا کەمتر یان زیاتر نین. بەڵام دەبێ بەرەنگاری دوو شت ببینەوە، یەکەمیان نەریت و ئایینە، لەڕاستیدا بەشی هەرە زۆری توندوتیژییەکانی بەرامبەر ژنان دەکرێت، لە باکگراوەندێکی ئایینییەوە هاتووە، دەبێ ژنان بەمەنتیق و زانست و جورئەتەوە لەدژی ئەوە بوەستنەوە. دواتر ژنانی کورد دەبێ بەخۆیاندا بچنەوە، نابێ ئەو هەستانەی کۆمەڵگا بەسەریدا سەپاندوون قبووڵ بکەن، واتا لاوازبوون، یەکترقبووڵ نەکردن، ئێرەیی بەیەکتر کردن و خۆ لەبەرپرسیارییەتییە گورەکان نەدان...

**ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦**



سەرچاوە
Serchawe

## بەشداری ژنانی کورد لە پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ئاستێکی نزم دایە




**خاتوو لەیلا قادری**

**چالاکی سیاسی و بواری مافی ئافرەتان،**

**ڕۆژی کورد: فەلسەفەی دەست نیشان کردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ زۆر ژن لایان وایە کە دەست نیشان کردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ژن نەک ڕێزگرتن لە ژن نییە بەڵکو سنووردارکردنەوەی کێشەی ژنانە و جۆرێک بێ ڕێزیە، ئێوە ڕاتان چیە؟**

**قادری**: بێگومان بەشێکی زۆرمان دەزانین مێژووی ٨ی مارس دەگەڕێتەوە بۆ خۆپێشاندانی ژنان لە ئەمریکا کاتێک بە مەبەستی دەربڕینی نارەزایەتی بە نایەکسانی لە مووچەی ژنان و پیاوان وەرێخرا، ژنانی کرێکار لە کارگەی رستن و چنین لە شاری نیۆیۆرکی ئەمریکا هەوڵیاندا تێکەڵ خۆپێشاندانەکە بن، بەڵام بە فەرمانی بەڕێوەبەری کارگەکە، لەلایەن پۆلیسەوە ڕێگریان لێکراو و بە هۆی ئاگرکەوتنەوەیەکی گوماناوی لەو کارگەیەدا ژمارەیەک ژن سووتان. هەرچەندە لە جیهاندا زۆر بۆنە هەن کە ڕۆژیان بۆ دیاریکراوە، بەڵام بە رای من ڕۆژێک کە یەکەم چەخماخەی نارەزایەتی بەرامبەر ستەمێکی نەبڕاوەدا لێدەدرێت، گرنگە و دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت، ڕۆژێک کە ژنانێک خۆیان کردە قوربانی بۆ ئەوەی ڕێگەی خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیاوازی ڕەگەزی خۆش بکەن، بۆیە پێموانییە سنووردارکردنی کێشەکان بێت، بەڵکوو پەردە لادانە لەسەر نەگوتراوەکان.


سەرچاوە
Serchawe

**ڕۆژی کورد**: لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا، دۆخی ژنانی کوردستان بە گشتی و کوردستانی خۆرهەڵات بەتایبەتی چۆن دەبینن؟

**قادری**: بەشداریکردنی ژنانی کورد لە پرسە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکاندا لە ئاستێکی نزمدایە، کاتێک ڕۆژانە گوێبیستی هەواڵەکان دەبین، بۆمان دەردەکەوێت دەرفەتی کار چ لە کەرتی حکوومەتیی و چ لە کەرتی تایبەت بۆ ژنان زۆر کەمە، ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حەقدەستی ژنان لە هی پیاوان زۆر کەمترە، تەنانەت لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەی دەرچووانی ژن لە زانکۆکان بە بەراورد لەگەڵ دەرچووانی پیاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر تەنیا پارێزگای سنە بۆ نموونە لەبەرچاو بگرین، لەو پارێزگایە تەنیا ١٩ لەسەدی ژنان لە کەرتی تایبەت کار دەکەن کە لەو ڕێژەیەش ٦ لەسەدیان لە بەشی پیشەسازی و ٩٤ لەسەدەکەی دیکە لە بەشی خزمەتگوزاری کار دەکەن، کەواتە ژن هەر پلە دوو. سەرەڕای ئەوەی یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە زۆربویان دژە ژنن. ئەو یاسایانەی لە لایەن ئەنجوومەنی شورای کۆماری ئیسلامییەوە دەردەچن، پەرە بە جیاوازی و توندوتیژی دژی ژنان لەسەرجەم بوارەکانی ئابووریی، کۆمەڵایەتیی و خێزانیی دەدەن، بۆ نموونە ئازادی لە خێزاندا، شورای نیگەهبان بڕیاری دەرکرد کە ژن نابێ بە بێ ئیزنی هاوسەرەکەی لە ماڵ بچێتە دەر، تەنانەت ئەگەر بۆ بینینی خزموکەسوکار و باوکیشی بێت.

بەندی ٣ی ماددەی ١٨ی یاسای ویزا دەڵێ، بۆ ژن پێویستە ڕەزامەندی هاوسەری لەگەڵ بێت، یان ماددەی ٦٣٨ کە بەد حیجابی بە تاوان هەژمار دەکات و سزاکەشی لە ١٠ ڕۆژ تا دوومانگ بەندکران و پێبژاردنی ٥٠ هەزار بۆ ٥٠٠ هەزار تمەنە، ئەمانە سەرەڕای یاسای بەردبارانکردن کە بە پێی ماددەی ١٠٢ جێبەجێدەکرێت.

**ڕۆژی کورد**: فێمینیزمی کورد، لە چ دۆخێک دایە؟ چەمکێک بە ناوی فێمینیزمی کورد و فێمینیستی کورد، بە پێی پێوەری ڕاستەقینەی خۆی، بوونی هەیە؟

**قادری**: فیمینیزم لە سەر بنەمای دیاریکردنی جیاوازییەکان بنیات نراوە و گەشەی کردووە و هەوڵیداوە نایەکسانی ماف بۆ دوو ڕەگەزی ژن و پیاو بخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەو ڕەوتە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا تا رادەیەکی زۆر وەڵامی داوەتەوە. هەرچەند باس کردن لە چەمکی فیمینیزم پێویستی بە کاتی زۆرە، بەڵام بە کورتی دەتوانم بڵێم فیمینیزمی کوردی نەیتوانیوە جێی بکەوێت و پێگەی خۆی بەدەست بێنێت، بەڵام دەکرێت ئەو ڕەوتە هەموو چین و توێژەکانی ژن لە کۆمەڵگای کوردی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و پێکەوە داخوازییە ڕەواکانییان لەڕووی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی و هاوسەنگ کردنی پێگەی ژن و پیاو بەرجەستە بکەن.

**ڕۆژی کورد**: پێدەچێ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، ڕەوتی فێمینیستی یان کاڵ بۆتەوە یان هێندە تۆخ نەماوە بەڵام کورد تازە تێیدا گەرم و گوڕ دەبێ، ئەو قسە تا چەند ڕاستە؟

**قادری**: ناکرێت بڵێن رەوتی فیمینیزم لە وڵاتانی رۆژئاوا کاڵ بووەتەوە، بەڵکو تا رادەیەکی زۆر بە ئاکام گەیشتووە، بۆیە هەست دەکرێت کەمتر پێویست بە وروژاندنی باسەکە بکرێت، چونکە یاسا شتەکانی بۆ رێکخستوون، بێگومان ئەوەش دەرەنجامی ماندووبوونی باوەڕمەندانی فیمینیزم بووە، بەڵام راستە لە کوردستان کە هێشتاش داب و نەریت و پەروەردەی نێرسالاری لە رۆژەڤ دایە، بەڵێ ئەو پرسە پێویستە گەرموگوڕ بێت.

**ڕۆژی کورد**: بوونی پارتێک بە ناوی پارتی فێمینیستی کورد، لە هەندەران و بێ هەبوونی هێزی چەکدار و توانایی هەڵسووڕانی فەرمی لە ناوخۆی وڵاتدا چۆن دەبینن؟

**قادری**: هەر جووڵەیەک لە پێناو گەیشتن بە ئەنجامێکی رەوا جێی رێزە، گرنگە هەڵێنانەوەی هەنگاوە، جا کاریگەری کەم بێت یان زۆر، بە خۆشحاڵییەوە ئێستا پەیوەندی گرتن لەگەڵ ناوخۆی وڵات زەحمەت نییە، لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندییەکان و گۆڕینەوەی بیرورا ئاسان بووە، هەرچەندە ئەو پرسیارە لە خۆیان بکرێت باشترە و رەنگە بە گوێرەی پێرەو و پرۆگرامی خۆیان باشتر روونی بکەنەوە.

**ڕۆژی کورد**: قسەتان بۆ ژنانی کورد؟

**قادری**: ژنی کورد دەبێ باش بزانێت کە گەیشتن بە یەکسانی ڕەگەزی بە هاوکاری هەر دوو ڕەگەز دەکرێت، با لە ماڵەوە دەست پێبکەین با باوەڕمەندی بە چەمکی یەکسانی لە نێو خێزاندا نەهادینە بکرێت، با کەمتر هێرش بکەینە سەر پیاوان و زیاتر هەوڵ بدەین روانینی خراپی ئەوان بۆ ژن بگۆڕین، بە خوێنندن، بە خۆ پێگەیاندن، با ژنان داهێنان بکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری، با بە جێی خۆ سەرقاڵکردن بە شتی لاوەکی کۆڕی کتێب خوێندنەوە دانێین و گرووپ و رێکخراوی سەربەخۆ دروست بکرێت کە چەتری هیچ حزب و لایەنێکیان بەسەرەوە نەبێت.

ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# بەڕای من چەمکێک بە ناوی فێمینزمی کوردی بوونی نیە




**خاتوو فاتیمە عوسمانی**

**سکرتێری یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران،**

**ڕۆژی کورد: فەلسەفەی دەست نیشان کردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ زۆر ژن لایان وایە کە دەست نیشان کردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ژن نەک ڕێزگرتن لە ژن نییە بەڵکو سنووردارکردنەوەی کێشەی ژنانە و جۆرێک بێ ڕێزیە، ئێوە ڕاتان چیە؟**

**عوسمانی**: هەموو چالاکانی بزووتنەوەی ژنان باش دەزانن مێژووی ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان لە چ ڕووداوێکەوەو لە کام بۆچوونی ژنان سەرچاوە دەگرێ و لەو بوارەشدا زۆر قسە کراوە بۆیە من زۆر ناچمە سەر ئەو بابەتە، فەلسەفەی دەستنیشانکردنی ڕۆژی ٨ ی مارس هەر بۆچونێکی ژنانەیان هەر ڕووداوێک بێ، گرینگ ئەوەیە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان خاڵی وەرچەرخان و زۆر جار خاڵی دەسپێکی بزووتنەوەیەکی ژنانە بووە. بۆیە من نەک دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانی ژنان بە بێ ڕێزی کردن بە ژنان نازانم بەڵکو لە سەردەمی ئێستاشدا بۆ ژنان بە تایبەتی ژنانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیەکان بە ڕۆژێکی گرینگی دەزانم کە هەر ساڵێک لەو ڕۆژەدا باس لە گۆڕانکاری و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ بزووتنەوەی ژنان لەو وڵاتانەدا بکرێ و بەرەو پێشچوونی بزووتنەوەی ژنان و دەستەبەربوونی یەکسانی و مافە ئینسانیەکان موژدەی ژنان بێ.

**ڕۆژی کورد**: لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا، دۆخی ژنانی کوردستان بە گشتی و کوردستانی خۆرهەڵات بەتایبەتی چۆن دەبینن؟

**عوسمانی**: ئەوە لە کەس شاراوە نیە کە کێشەکانی ژنی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەتا ئێستا هەر دیوارێکی بەردین لەبەردەم ژنان و چارەسەرکردنی کێشەی ژنانی کورد لە هەموو بوارەکاندا "سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی... هتد" ماوەیەکی زۆری دەوێ بەڵام ئێستا ژنی کورد زۆر قۆناغی لە پێشکەوتنی بزووتنەوەی خۆی لە پشت سەر داناوە.

ژنی کورد ئێستا لە سەنگەری پێشەوەی شەڕی دژی تیرۆریزمە، ژنی کورد لە نێو خەبات بۆ ئازادی و رزگاری گەلی کوردە وهاوتەریب لەگەڵ بزووتنەوەی ژنان لەنێو بزووتنەوەی رزگاری خوازی کورد دا چالاکە و ابە کردەوە لە مەیدان دایە. ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەر وەک ژنانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە مەیدان دان و لە بواری فیکریشەوە لەسەر بزووتنەوەی ژنی کورد بە گشتی کاریگەرن. بۆیە پێم وایە ژنانی کورد رۆڵی کاریگەریان لە رووداوەکانی کوردستان هەیە.

**ڕۆژی کورد**: فێمینیزمی کورد، لە چ دۆخێک دایە؟ چەمکێک بە ناوی فێمینیزمی کورد و فێمینیستی کورد، بە پێی پێوەری ڕاستەقینەی خۆی، بوونی هەیە؟

**عوسمانی**: لە ڕاستی دا من پێم وایە کە چەمکێک بە ناوی فێمینیزمی کوردی بوونی نیە و لە ئەساسدا تێگەیشتنی ئێمە لە فیمینیزم تێگەیشتنیکی درووست نییە. هێندێک لە چالاکانی کوردی بواری ژنان پێیان وایە کە توندئاژۆیی لە مەسەلەی ژنان و قبوڵ نەکردنی راستی کۆمەڵگا و دۆخە هەنووکەیەکانی ژنان، کارکردنە لە بواری فیمینیزم. لە کاتێکدا ئەو لایەنە لەبەرچاو ناگرن کە ئەو توندئاژۆییە کە بە رای من فێمینیست بوون نیە نەک بە قازانجی بزووتنەوەی ژنی کورد و دەستەبەرکردنی یەکسانی نیە بەڵکو زیان بەو بزووتنەوەیە دەگەیێنێ. بۆیە پێم وایە ئەو کەس و لایەنانەی کە خۆیان بە فێمینیست دەزانن و بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە لەسەر مەسەلەی ژنانی کورد پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێیان بۆ ئەو بابەتە هەبێ و بە پێی واقعیەتی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کار لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەن.

من پێم وایە کێشەکانی ژنی کورد ئەوەندە زۆرن و قورسایی ئەو کێشانەش وای کردووە کە هێندێک لە چالاکانی بواری ژنان کە شێوەی بیرکردنەوەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان لە رێگایەکی دوور لە واقعیەت بگرنە بەر و پێیان وابێ کە فێمینیزم دەتوانێ رێگا چارەبێ، بەڵام هەروەک باسم کرد ئێمە بە دروستی لە فێمینیزم نەگەیشتوین بۆیە لە بەکارهێنانی ئەو فیکرەیە دروست کارناکەین و لەگەڵ ئەوەی کە فێمینیزم بە راستی خوێندنەوەیەکی درووستی بۆ هەموو جیاواز دانان و هەڵاواردنێک هەیە. لەوانەیە ئەم خوێندنەوەیە رێرەوی راستی خۆی لە کۆمەڵگای ئێمە و لە لەیەن ئەو کەسانەی

بانگەشەی بۆ دەکەن لە دەست بدا.

**ڕۆژی کورد**: بوونی پارتێک بە ناوی پارتی فێمینیستی کورد، لە هەندەران و بێ هەبوونی هێزی چەکدار و توانایی هەڵسووڕانی فەرمی لە ناوخۆی وڵاتدا چۆن دەبینن؟

**عوسمانی**: من نامهەوێ لەسەر پارتی فێمێنیستی کورد قسە بکەم و ڕێزم هەیە بۆ بۆچوونیان لەگەڵ ئەوەی کە من بۆچوونی خۆم لە وەڵامەکانی پێشوو لەو بابەتە باس کرد. بەڵام بە بڕوای من هیچ پارتێک ناتوانێ بە بێ پاڵپشتی فکری و هێزی مرۆیی وڵاتی خۆی سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

**ڕۆژی کورد**: قسەتان بۆ ژنانی کورد؟

**عوسمانی**: من لە ئاستێکدانیم کە قسەیەکی تایبەتیم بۆ ژنانی کورد هەبێ، تەنها ئەوە نەبێ کە من باوەڕم بە هزر و هێزی ژنانی کورد بە گشتی و ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵات بەتایبەتی هەیە کە لە ڕیزی پێشەوەی گۆڕانکاریەکان لە داهاتووی کوردستان و لە دەستەبەرکردنی مافە ئینسانیەکانی خۆیان ومافی نەتەوایەتی گەلی کورد لەو پارچە.

ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦

---

# نابێ چیتر ژنانی کورد بە "نیوە" بوون ڕازی بن




**خاتوو کازیوە ئەنامقی**

**وتەبێژی پارتی فێمینیستی کوردستان،**

**ڕۆژی کورد: فەلسەفەی دەست نیشان کردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ زۆر ژن لایان وایە کە دەست نیشان کردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ژن نەک ڕێزگرتن لە ژن نییە بەڵکو سنووردارکردنەوەی کێشەی ژنانە و جۆرێک بێ ڕێزیە، ئێوە ڕاتان چیە؟**

**ئەنامەقی**: ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان کە لە ڕابردوودا بەنێوی ڕۆژی جیهانی ژنانی کرێکار دەناسرا، ڕۆژێکە کە سەرەتا وەک ڕووداوێکی سیاسی سۆسیالیستی لە نێوان حیزبەکانی سۆسیالی ئامریکا، ئاڵمان و ڕۆژئاوای ئەورووپا سەری هەڵدا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٧٧ ئەم ڕۆژەی لە ژێر ناونیشانی " ڕۆژی مافی ژنان و ئاشتی نێونەتەوەیی" بە فەرمی ناساند. کەواتە دەکرێ بڵێین فەلسەفەی ٨ی مارس دەگەڕێتەوە بۆ بنەما دیاری کراوەکانی ڕێکخراوە نێونەتەوەکان لە بواری سیاسی و مافی مرۆڤ بۆ دەستەبەر بوونی مافی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ژنان. بەڕای من ئەمە تێڕانینێکی سیاسییانە نییە کە دیاری کردنی ڕۆژێک بۆ چین و توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگا بە کەم کرنەوەی ئاست و پێگەی ئەو چینە بزانین؛ جا چ بەمەبەستی ڕێزگرتن بێ وەک ڕۆژی پزیشک و پەرستار، یان خود بۆ بەرزڕاگرتنی یاد و ئەمەگناسی بێ وەک ڕۆژی پێشمەرگە و شەهیدان، یان بۆ بەرجەستە کردنی کێشەیەکی فیزیکی وەک ڕۆژی کەمئەندامان و نابینایان و یان دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ یەکسانیخوازی وەک مافی منداڵان و ژنان.

**ڕۆژی کورد**: لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا، دۆخی ژنانی کوردستان بە گشتی و کوردستانی خۆرهەڵات بەتایبەتی چۆن دەبینن؟

**ئەنامەقی**: ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناوخۆ، سەرەڕای تەواوی سەرکووت و تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێگەی ژنان، بەدڵخۆشییەوە ئاستی ورياییان زۆر بەرز بووەتەوە و زیاتر ئاگاداری مافەکانی خۆیان. ئەمەش یەکێک لە هەرە خاڵە بەهێزەکانە کە بوونی پارتێکی فێمینیستی کوردی دەخوازێ بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. چونکە لەوانەیە هەموو ژنانی ناوخۆ نەتوانن لەناو هزر و ئەساسنامەی پارتە ئۆپۆزیسیون و یان پارتەکانی ناوخۆی وڵاتدا، ماف و ئاواتەکانینان بدۆزنەوە. هەربۆیە پارتێکی سیاسی سەربەخۆی ژنان پێویستە تاکوو ناچار نەبن خۆیان بخەنە ژێر چەتری پارتە پیاوەمەزنەکان.

**ڕۆژی کورد**: فێمینیزمی کورد، لە چ دۆخێک دایە؟ چەمکێک بە ناوی فێمینیزمی کورد و فێمینیستی کورد، بە پێی پێوەری ڕاستەقینەی خۆی، بوونی هەیە؟

**ئەنامەقی**: بەڵێ، فێمینیزمی کوردی هەیە و خەریکی شکل گرتن و خۆدۆزینەوەیە. ڕاستە کە تەمەنی کەمە بەڵام بەجدی خەریکی کۆکردنەوەی وزەی ژنانە بۆ گەشەسەندنی زیاتر لە بوارەکانی بەتایبەت زانستی و سیاسیدا. ڕۆژی کورد: پێدەچێ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، ڕەوتی فێمینیستی یان کاڵ بۆتەوە یان هێندە تۆخ نەماوە بەڵام کورد تازە تێیدا گەرم و گوڕ دەبێ، ئەو قسە تا چەند ڕاستە؟ فێمینیزم لە جیهاندا کال نەبۆتەوە بەڵکوو لە سەرەتای مەوجێکی تازە دا. لە ڕابردوودا دایکانی ئانجێلا مێرکل، هێلاری کلیتۆن، هێلێ ترۆنینگ وهتد، چالاکی و خەباتیان دەکرد بۆ مافە سەرەتاییەکانی ژن لەناو کۆمەڵگادا، تاڕادەیەک کە لە کۆمەڵگای کوردی خۆماندا تاکوو ئێستاش دەبیندرێت. بەڵام ئەمڕۆ کچانی دایکانی دوێنێ، هەنگاویان بەرزتر ناوە بەرەو دەستەبەر کردنی مافەکانیان لە پانتای سیاسی وڵاتانی خۆیاندا. دەکرێ مەوجی نوێی فێمێنیسم بە "مەوجی هەڵمەت لە پانتای سیاسیدا" ناوزەد بکەین.

**ڕۆژی کورد**: بوونی پارتێک بە ناوی پارتی فێمینیستی کورد، لە هەندەران و بێ هەبوونی هێزی چەکدار و توانایی هەڵسووڕانی فەرمی لە ناوخۆی وڵاتدا چۆن دەبینن؟

**ئەنامەقی**: ئامانجی پارتی فێمنیستی کوردستان پەروەردەی نیزامی نییە بۆ ژنان بەڵکوو گەشەدانی ئاستی هزری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی سەربەخۆی ژنانە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویست بە چەک و شەڕی چەکداری نییە. هەروەها چەند ساڵێکە کە کورد شەڕی چەکداری ڕاگرتووە و ڕووی لە چالاکی مەدەنی کردووە و شێوازی خەبات و شۆڕشیان گۆڕیوە. کەواتە

ئەگەر پارتە پیاوەزنەکان وازیان لە شەڕی چەک و چۆڵ هێناوە، بۆشایی و پرسیار لەسەر پارتێکی فێمنیستی تەواو ڕۆشنگەریی ناهێڵێتەوە. هەروەها لە دونیای سیاسی سەردەمدا چیدی پارت و چەکداری لە خانەیەکدا ناگونجێ و پارتە سیاسییەکان خۆیان بە زانستی سیاسی تەیار دەکەن و چەکداریی دەهێڵنەوە بۆ میلیشیاکانیان. خاڵێکی دیکەی بەهێزی پارتی فێمنیستی کوردستان ئەوەیە کە چەند ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری لەناوخۆدا لەگەڵ خاڵێک کە لە پارتە ئۆپۆزیسیۆنە پیاوەزنەکاندا بوونی نییە. هەر تاکێکی سیاسی باش ئاگاداری ڕەوشی ئەمنیەتی و پاراستنی نیزامی ناوخۆی وڵات هەیە و هەربۆیەش زۆرینەی پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەشێکیان هەیە بەنێوی کومیتەی نهێنی بۆ پاراستنی باری ئەمنیەتی ئەندامن لەناوخۆی وڵاتدا و بەدڵنیاییەوە پارتی فێمنیستی کوردستانیش لایەنی ئەمنیەتی ئەندامانی لەناوخۆدا دەپارێزێ.

**ڕۆژی کورد**: قسەتان بۆ ژنانی کورد؟

**ئەنامەقی**: دایکان، خووشکان و کچانی نیشتمانم! وەرن با دەست لەناو دەست لە بواری سیاسیدا بە نیوەی بەشی ڕێبەری، لە بواری ئابووریدا بە شەریک و لە بواری کۆمەڵایەتیدا بە نیوەی پیاو، چیدی ڕازی نەبین.

کازیوە ئەنامەقی وتەبێژی پارتی فێمێنیستی کوردستان سپاس و ڕێز

ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦

## ژن لە کوردستان دوو ئەرکی گرنگی دابین کردنی مافی نەتەوەیی و بەرفراوان کردنی گوتاری یەکسانیخوازی بە ئەستۆوەیە




**خاتوو نەرمین عوسمانی**

**چالاکی سیاسی و مافی ئافرەتان،**

**ڕۆژی کورد: فەلسەفەی دەست نیشان کردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ زۆر ژن لایان وایە کە دەست نیشان کردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ژن نەک ڕێزگرتن لە ژن نییە بەڵکو سنووردارکردنەوەی کێشەی ژنانە و جۆرێک بێ ڕێزیە، ئێوە ڕاتان چیە؟**

**عوسمانی**: سەرەتا زۆر سپاسی ئێوەی ئازیز دەکەم کە بەبۆنەی ڕۆژی ٨ی مارس لاتان گرینگ بووە ئاوڕێک لە ژنانی کورد و کێشە کانیان بدەنەوە. بەو هیوایەم " ڕۆژی کورد" ببێتە تریبۆنێک بۆ هاواری ماف خوازانەی ژنانی کورد.

فەلسەفەی ئەو ڕۆژە واتە ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین بەرەنگار بوونەوەی بەرفراوانی ژنان لە دژی نایەکسانی و نادادپەروەری دژی ژنان که مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٨ی مارسی ١٨٥٧ هاتنە سەر شەقامی ژنانی کرێکار لە کارگەی مافوور و لیباس بە مەبەستی زیاد کردنی نرخی زەحمەتەکانیان و کەم کردنەوەی کاتژمێری کارکردنیان و ڕێز گرتن لە کەرامەتیان ،کە لە گەڵ بەرەنگاری توندی پۆلیس بەرەو ڕوو بوونەوە،بەڵام تێکۆشانی ژنان لەو ڕاستایەدا وهاتنە دەنگی ژنانی وڵاتانی ئەورووپا (ئاڵمان ،ئوتریش، دانمارک...).هەر چەند لە دیاری کردنی ڕۆژێک بە نێوی ڕۆژی

ژن جیاوازیان هەبوو بەڵام لە ئامانج دا توانیان

گرو تێنیکی زیاتر بەو بزوتنەوەیە ببەخشن.لە گەڵ بە فەرمی ناسینی ڕۆژی ٨ی مارس لە لایەن کۆنفرانسی دووەمی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست.داخوازییەکانی ژنان دەچێتە فازێکی ترەوە هەم لە ئاستی جیهان وبە تایبەت کۆمەڵگای ئوروپا و ئامریکا، کە لە ئاکام دا ئەو بەردەوام بوونە بوو بە هۆی ئەوە کە لە ساڵی ١٩٧٥ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان بناسێنێت وە یاساکانی تایبەت بە داننان و ڕێز گرتن لە مافەکانی ژنان بچێتە بواری جێ بە جێ کردنەوە.

بە بڕوای من نەک دیاری کردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان بێ ڕێزی نیە بە ژنان، بەڵکو بە یەکێک لە دەستکەوتە مێژوویەکانی تێکۆشانی ژنان و بزووتنەوەی مافخوازی ژنان دێتە ئەژمار.بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە تەنیا ڕۆژی ٨ی مارس دیاری بکەین بۆ داخوازی و پێداگری لە سەر مافەکانمان، بەڵکوو ئەو ڕۆژە دەتوانی بنەمایەکی بەهێز بێت بۆ هاتنە مەیدان و پێداگری ژنان لە ڕاستای دەستەبەر کردنی مافە ڕەواکانی ژن.

**ڕۆژی کورد**: لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا، دۆخی ژنانی کوردستان بە گشتی و کوردستانی خۆرهەڵات بەتایبەتی چۆن دەبینن؟

**عوسمانی**: بەر لەوەی باس لە دۆخی ژنان لە کوردستاندا بکرێت پێویستە سەرەتا چاوێک بە باروو دۆخی کوردستان و لەمپەرەکانی دوژمنانی نەتەوەکەمان لە ڕاستای پاشگەز بوونەوەو دوورخستنەوەی کورد لە مافەکانی بکەین، چونکە تا ئێستاش بە داخەوە ئاسەواری سیاسەتی نامرۆڤانەو چەق بەستوانەی داگیرکەرانی کوردستان بۆتە بەشێک لە کێشەو گرفتەکانی جێگر بوونی دێموکراسی لە کۆمەڵگای کوردستان و نەهێشتنی دەرفەتی گونجاو لە ئاست پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بۆ ناسینی ماف و ئازادیەکانیان و هەوڵ دان بۆ جێگرکردنی ئەو مافانە بۆیە وەک زۆرجار وتراوە "خەباتی ژنان تا ئێستا لە دوو فازی نەتەوەیی و ڕەگەزی دا بەردەوامە، چونکە ژنان لە کوردستان هەم وەک پێکهاتەیەکی گرینگی کۆمەڵگای کوردستان دابین بوونی مافی نەتەوایەتی ئەرک داری کردوون بۆ خەبات و تێکۆشان، هەمیش وەک ژن پێویستە لە ئاست جێگر کردنی دێموکراسی و بنیات نانی کۆمەڵگایەکی یەکسان لە ئاست پێکهاتەکانی لە تێکۆشان دابن. بۆیە لە گەڵ ئەوەی لە کوردستان بەگشتی شوێن دانەری هێزە دێموکرات و پێشکەوتن خوازەکانی کورد لە ڕاستای بەرفراوان کردنی گوتاری یەکسانی خوازی دیارە بەڵام تا ئێستاش زیاتر لە قاڵبی دروشم دا بە دیار دەکەوێت چونکە تا ئێستا ئەو گوتارە نەتوانراوە ببێتە بەشێک لە کلتوری کۆمەڵگا.بۆیە بە داخەوە تا ئێستاش دۆخی ژنان لە کوردستان زۆر نا لەبارە و بە پێ ئامارەکانی تایبەت بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ، دەردەکەوێت کە ژنان لە کۆمەڵگای کوردستان قوربانی یەکەمی

کۆمەڵگان.کە ئەوەش وەک پێشتر ئاماژەم پێدا دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری بیرکردنەوە و زاڵ بوونی سیستەمی نادێموکراتیک لە ئاست پەروەردەی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا، لە ئاست مرۆڤ و مافەکانی. بەو حاڵەش ژنانی کورد بەردەوامن لە تێکۆشان.هەرچەند ڕەخنەی ئەوەش هەیە لە سەر ژنان و نەبوونی بەشداری چالاکانەیان لە تێکۆشاندا، واتا بە پێ ئاستی ڕێژەی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستانداو ئەو تاوانانەی کە لە دژی ژنان دێنە ئاراوە پێویستە بزووتنەوەی ژنان خاوەنی ڕێکخستنێکی بەرفراوان تر و بەرنامەیەکی پەروەردەیی گونجاو لە گەڵ سەردەم لە نێو ژناندا بن.

**ڕۆژی کورد: فێمینیزمی کورد، لە چ دۆخێک دایە؟ چەمکێک بە ناوی فێمینیزمی کورد و فێمینیستی کورد، بە پێی پێوەری ڕاستەقینەی خۆی، بوونی هەیە؟**

**عوسمانی**: بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارەتان پێویستە بڵێم، سەرەتا فیمینزم ودواتر شەپۆلەکانی ئەو چەمکە بگەین کە بە دەتوانم بڵێم وەک چۆن لە هەر دوو شەپۆلی (یەکەم-دووەم)دا داخوازی سەرەکی و ئامانجی سەرەکی فیمینیستەکان دەربڕاز بوون بوو لە قۆناغی کۆیلە داری و گەڕاندنەوەی مانای هەبوون لە مافی دەنگدان و.... هتد،بووە. ئەوەش دەتوانین بەراوردی بکەین لە گەڵ کۆمەڵگای کوردستان و دۆخی ژنان، کە بە پێی ئەو فاکتەرانەی کە لە شەپۆلی یەکەم و دووهەم لە فیمینیزم دا خراونەتە ڕوو دەتوانین بڵێین کە لە کوردستان دا فیمینیزم و کەسانی فیمینیست و تەنانەت بزووتنەوەی فیمینیستی بوونی هەیە و لە تێکۆشان دان، بەڵام دۆخی سیاسی کوردستان و لەمپەرەکانی بەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵگا کە دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی سیاسی داسەپاو بەسەر کوردستان، نەی هێشتووە کە بیرکردنەوە و تێفکرینی کۆمەڵگا یارمەتی گەشەکردنی شەپۆلەکانی فیمینیزم بدات. چونکە کاتێک چاو لە مێژووی ململانێ و شەڕی دێموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کوردستان بەتایبەتی دەکرێت ئاسەواری تێکۆشانی ژنانی کورد و ئۆرگانیزە بوونیان لە چوارچێوەی گووتاری یەکسانی خوازی و باس کردن لە هەڵاواردن و ڕەتکردنەوەی کۆمەڵێک دیاردەی دزێو، کە کۆمەڵگای کوردستانیش لێی بەدەر نەبووە، بەرچاو دەکەوێت و دتوانێ بەڵگە بێت لە سەر بزووتنەوەی فیمینیستی لە کوردستان. تەنانەت لە ڕووی ئەدەبی و هوونەریشەوە بەڵگەی بەهێز هەیە کە دەتوانین لە گۆڕانی دەقە ئەدەبی و شێعر دا ئاوڕیان لێدەینەوە، لە دوای سەرهەڵدانی شێعری بەرەنگاری لە لایەن شاعیرانی کورددا، کۆمەڵێک ژنە شاعیری کورد تێکەڵ بەو ڕێبازە دەبن و دەبنە ڕەچە شکێن بۆ ئەوەی چیتر پێناسەی ژن لە شێعردا لە وەسفی جوانی ڕووخسار دا نەمێنێتەوە، بەڵکوو شێعری کوردی دەبێتە هەڵگری پەیامی یەکسانی خوازی و ماف ویستی ژنانی کورد. کەواتە بەڵگەکان دەیسەلمێنن کە بزووتنەوەی فیمینیستی لە کوردستان دا بوونی هەیە.

**ڕۆژی کورد: پێدەچێ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، ڕەوتی فێمینیستی یان کاڵ بۆتەوە یان هێندە تۆخ نەماوە بەڵام کورد تازە تێیدا گەرم و گوڕ دەبێ، ئەو قسە تا چەند ڕاستە؟**



سەرچاوە
Serchawe

**عوسمانی**: سەبارەت بە کاڵ بوونەوەی بزووتنەوەی فیمینیستی لە وڵاتانی رۆژئاوا، من وای نابینم چونکە تا ئێستاش شەپۆلەکانی فیمینیزم بە درووشم و داخوازی جیا جیا لە نوێ بوونەوە دان و هێندێک جار بۆ بە ئەنجام گەیاندن و تەواو کردنی رێبازی فیمینیزم لە شەپۆلەکانی پێشوو تێدەکۆشن. زۆر لە زانایان بۆچوونی جیایان هەیە لە سەر بزووتنەوەی فیمینیستی، لوئیز بێرنیکۆی مێژووناس دەڵێت "بە باوەڕی من شەپۆلەکان دەچنە پاش و هێزی خۆیان کۆ دەکەنەوە و دیسانەوە بە هێزێکی زۆرتر دێنەوە مەیدان"، هەروەها رۆکسانا دێنبەر دەڵێت "ئەو شەپۆلانە سونامی نین، با دەست پێبکەی". بەڵام ئەوەی کە بزووتنەوەی فیمینیستی لە کوردستان لە ئێستادا خەریکی گەرم و گوڕ بوونە من هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە لەمپەری سەرەکی گەشە نەکردنی بزووتنەوەی فیمینیستی لە کوردستان جێگیر نەبوون و دەستەبەر نەبوونی مافی نەتەوایەتییە، چوونکە تا کاتێک وەک نەتەوەی کورد مافی نەتەوایەتی مان دەستەبەر نەبێت و نەتوانین بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆمان بدەین مافەکانی ژن لە پەراوێز دا دەمێنێتەوە. کەواتە هۆکاری دەرباز نەبوونی بزووتنەوەی فیمینیزم لە کوردستان لە شەپۆلەکانی یەکەم و دووهەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنان هەڵگری دوو رێباز و هێزی سەرکەوتنی دو خەباتی نەتەوەیی و فیمینیستین لە کوردستان.

**رۆژی کورد**: بوونی پارتێک بە ناوی پارتی فێمینیستی کورد، لە هەندەران و بێ هەبوونی هێزی چەکدار و توانایی هەڵسووڕانی فەرمی لە ناوخۆی وڵاتدا چۆن دەبینن؟

**عوسمانی**: دیارە کێشە لە بوونی پارتێک بەنێوی پارتی فیمینیستی کورد نابینم، بەڵام پێم وایە باشترە پلان و بەرانەمەیە کە دەتوانێ شوێن دانەری هەبێت نەک تەنیا نێوی رێکخراو. لە ئێستادا زۆر رێکخراوی تایبەت بە ژنان لە کوردستان بوونیان هەیە و زۆربەشیان کەم تا زۆر خۆیان بە بشێک لە رێبازی فیمینیزم دادەنێن، بەڵام وەک پێویست نەیان توانیوە شوێندانەر بن کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلان و بەرنامەی گوونجاو لە تێکۆشان دا و نەبوونی هێزی خۆ نوێ کردنەوە لەگەڵ گوڕانکارییەکانی سەردەم. هەرچەند خۆزگەم دەخواست هیچ کات وشەی چەک لە قەڵەمی ژن دا لەدایک نەبێت، بەڵام بەداخەوە زاڵ بوونی سیستەمە دیکتاتۆرە یەک بەیەک داسەپاوەکان بەسەر کوردستان و بیری ژینۆساید کردنی کورد بۆتە هۆی ئەوەی کە ژنانیش وەک سەرجەم پێکهاتەکانی تری کوردستان لە پێناو مانەوە و پاراستنی هۆویەتیان تێکەڵ بە ریزی بەرگری بن و بۆ بەرگری کردن لە ماف و ئازادییەکانیان چەک بکەن بە هاوڕێ . بەڵام ئەوی کە بزووتنەوە لە هەندەران بێت و هێزی چەکدار لە نێو خۆ! بە ئەستەمی دەبینم بتوانێ سەرکەوتوو بێت. چوونکە هەر بزووتنەوەیەک بیهەوێت سەرکەوتوو بێت لە گەیشتن بە ئامانجەکانی پێویست هەڵقوڵاوی نێو کۆمەڵگاکەی بێت و لە نێو خەڵکی خۆی دابێت.

**رۆژی کورد**: قسەتان بۆ ژنانی کورد؟

**عوسمانی**: کۆتایی هەرچەند خۆم لەو ئاستەدا نابینم کە ئامۆژگاری ژنانی کوردستان بکەم، بەڵام وەک ژنێک و وەک هاوخەباتێکی جیانەکراوە لە ژنانی کوردستان داواکارم کە ژنانی کورد هەوڵ بدەن زیاتر بێنە مەیدان و خۆیان بە ئەرکدار بزانن لە راستای جێگیر کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان کە تێیدا ژن وەک مرۆڤ چاوی لێبکرێت و رێز لە مافەکانی بگیرێت. هەروەها داواکارم لە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بەتایبەت هێزو لایەنە دێموکراتەکانی کورد کە یارمەتیدەر بن لە ئاست جێگیر کردنی کولتووری مرۆڤ سالاری لە کۆمەڵگای کوردستان، چونکە بەبێ دەستەبەر بوونی ئازادی و مافی یەکسان لە نێو ژنان و پێکهاتەکانی تر دێموکراسییەت تەنیا وشەیەکی سەر کاغەز و درووشمێکی بێ ناوەرۆک دەبێت.


**رێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٦**

---



سەرچاوە
Serchawe

# رزگاریی ژن بە خۆڕووتکردنەوە وەدی نایە




**بەڕێز ڕەسووڵ سوڵتانی**

**نووسەر و وەرگێر**

**ڕۆژی کورد: هەموو ساڵێ لە ٨ی مارسدا بە تایبەتی لە باشووری کوردستان بەو پێیەی حوکمڕانییەکی کوردی هەیە لەو بەشە، یادی ئەو ڕۆژە دەکرێتەوە و کۆڕ و سمینار بۆ ژنان وەرێدەخرێ، تۆ وەک نووسەرێک چۆن لەو ڕۆژە دەڕوانی؟**

**ڕەسووڵ سوڵتانی**: من بە ڕێزەوە لەو ڕۆژە و لە خەباتی هەموو ئەو ژنە یەکسانیخوازانە دەڕوانم کە لە کوردستان و جیهاندا بۆ یەکسانی و بەرابەری تێدەکۆشن. بەڵام ئەوەی تا ئێستا دەیبینم لە کۆمەڵێک دروشمی ڕواڵەتی و ناپێوەخواردن تێنەپەڕیوە. مافی ژنان بەو جۆرە کۆڕ و کۆنفرانسانە دروست نابێ. ژنان دەبێ پێش هەموو شت هەوڵی گۆڕینی بنەما فکرییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریمان بدەن. ئەو بنەما فکرییانەی لە کولتوور و نەریتی بیابانەوە وەرگیراون. بەڵام ئەو بنەما چەقبەستووانە چۆن دەگۆڕدرێن؟ فکری پیاوی کورد چۆن دەگۆڕی؟ بە چی؟ بە ئارایشتکردن و خۆ تاسولووسکردن و مۆدە و زیرکرین و خشڵوبەرموور ناکرێ. پێویستە ژنی کورد خۆی لەم شتانە دەرباز بکا کە تەنیا پیاو چێژیان لێ وەردەگرێ و ڕۆحی ژنیان پێ کۆیلە کراوە. ئێستا هەلی خوێندن بۆ ئافرەتی کورد ڕەخساوە. دەگمەنن ئەو بنەماڵانەی بڵێن چونکە منداڵەکەمان کچە پێی ناخوێنین. ئەو فکرە دەمێکە نەماوە مەگەر بە دەگمەن. دەی کەواتە گرینگترین هەنگاو و گەورەترین هەل و دەرفەتیان بۆ ڕەخساوە، ئەویش خوێندنە. خوێندن دەبێ بکەنە بنەمای هەموو پێشکەوتنەکانیان.



سەرچاوە
Serchawe

کە ژنان چوونە زانکۆ (هەر ئێستا لە زانکۆکانی ئێران و زانکۆکانی هەرێمی کوردستانیش رێژەی ئافرەت زۆر و بەرچاوە)

کە ژن: دکتۆرایان وەرگرت

پسپۆڕیی بوارە جۆراوجۆرەکانیان وەرگرت

بوونە ئەندازیار

بوونە ژمێریار

بوونە سیاسی

بوونە بازرگان

بوونە هونەرمەند و

بوونە نووسەر و داهێنەر و شتی تازەیان پێشکەشی دنیا کرد، ئەوە ئوتوماتیک گۆڕانێکی بنەڕەتییان بەسەر فکر و هزری پیاواندا هێناوە. تەنیا بەو شتانە دەتوانن، نەک بە دروشم و قسەی کتبی.

خشڵ و بەرموور داو و تەڵەی پیاوانن کە ژنیان تێدا دیل و کۆیلە کردووە... هەتا ئەو رۆژەی ژنی کورد

ئارایشتکردن و

زێڕکرین و

خشڵوبەرموور و

هەر رۆژە و مۆدێکی جلوبەرگ خەونە سەرەکییەکانی ژیانی بێ، نابێ گلەیی لە کەس بکا، نابێ بۆڵە بۆڵ بکا، نابێ بکرووزێتەوە. من بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم، ئەو میللەتەی زۆر دەچەوسێنرێتەوە دەبێ خەباتەکەی گورجوگۆڵتر و بیر و هزری قووڵتر بێ ئەگینا رزگار نابێ. بۆ مەسەلەی ژنیش وایە، تا ژنان کتێبیان لە خشڵ و بەرموور خۆشتر نەوێ، بەهیچ ناگەن و هیچ کۆڕ و کۆنفرانسێکیش دادیان نادا و ئێمەی پیاویش ناتوانین هیچیان بۆ بکەین... خۆیان دەبێ بیکەن.

قوبادی جەلیزادە شیعرێکی جوانی هەیە دەڵێ:

کە هاوسەرەکەم کپ دەبێ

**لەسەر لاشانی دەفتەرێ**

**بە شێعرێکی باڵدارەوە خەو دەبینێ نەک جامخانەی زێڕینگەرێ**

هەر کاتێک کتێب جێگەی زێڕ و ئارایشتکردنی بۆ ژنان گرتەوە، پێویستیان بە یەک دروشمیش نابێ، تەنانەت ئێمەش رزگار دەبین، چونکە تا ژن کۆیلە بێ، پیاو کۆیلەترە، بۆیەش دەنگ بەسەر ژندا بەرز دەکاتەوە، دیکتاتۆرێکی کۆیلەیە.

**ڕۆژی کورد**: دەگوترێ ژنان نیوەی کۆمەڵگەن، ئەگەر ئەو وتەیە بە بنەما وەربگرین، بۆچی ئەو نیوەیە نەیتوانیوە مافەکانی خۆی دەستەبەر بکا؟

**ڕەسووڵ سوڵتانی**: مەسەلەکە مەسەلەیەکی مەعریفییە. هیچ لێکۆڵینەوەیەک نەیسەلماندووە کە مێشکی ژن لە هی پیاو بچووکترە، دەرفەتی لەبار دەبێ بۆ هەردووکیان بڕەخسێ. ئێستا دەرفەتی لەبار بۆ کور و کچ ڕەخساوە لە خوێندندا، ئافرەتی کورد دەبێ هەموو هێز و هزری خۆیان لەو کەناڵەوە بخەنە گەڕ. رزگاربوونی هەر دوو نیوەکەی کۆمەڵ دەبێ بە مەعریفە بێ نەک بە دروشم. هەر کاتێک ژنی کورد تەنانەت لە ئاشپەزخانەکانیش کتێبێکیان لە تەنیشت خۆیانەوە دانا، ئەوە دڵنیابە سنوورەکانی ئاشپەزخانە دەبڕن... کتێب و خوێندنەوە و قووڵبوونەوە تاقە ڕێگەیە... با ژنان ببنە نووسەر و خەڵاتی ئۆسکار و نۆبڵ وەرگرن. با ببنە دەرهێنەری سینەما و خەڵاتەکان وەرگرن و چیتر بەوەوە نەنازن کە دەبنە شاجوانی وڵات یان مانکەن و مۆدێلەکانی فاشیۆن و ئامرازی بازرگانیی کۆمپانیاکان...

**دوای ئەوەش:**

ژنی کورد دەبێ پێش هەموو شتێک بگاتە پلەی خۆناسین. خۆناسینی مەعریفی. خراپی لێک مەدنەوە. خۆناسین یانی ناسینی هەموو توانا و پوتانسێلە شاراوەکان. ئەوکاتەیە دەبێ هەنگاوی دووەمی هەڵگرێ بۆ ناسینی کۆمەڵگە و دەردو نەخۆشییەکانی کۆمەڵگە. ژن هەیە بە نەفەسی مافخوازییەوە قسە دەکا، هێشتا یەک ئایەتی قورئان و ئینجیل و تەوراتی نەخوێندووەتەوە، تەنیا لەم و لەوی بیستووە کە دین ژن دەچەوسێنێتەوە دەێ لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە جۆرێک قسە دەکا وەک بڵێی هەرچی تەفسیر و لێکۆڵینەوە و فیقهە لەبەری کردووە و شارەزایە لێی. خوشکی من، وەرە بە وردی مێژوو، ئایین و کتێبەکانیان بخوێنەوە، بە ئەقڵ و لێکدانەوەی خۆت شەن و کەوی بکە. من لێرەدا نامەوێ دیفاع لە هیچ ئایینێک بکەم، دەمەوێ تۆی یەکسانیخواز کە لەگەڵ مەلایەک دێیە سەر شاشەی تیڤی و باسی مافەکانت دەکەی، هێندەی مەلاکە عیملی دین بزانی، ئەگینا ناتوانی قسە بۆ کۆمەڵگەیەک بکەی کە ئایین تێیدا بووە بە کولتوور. تۆ سەد ئایەتی

قورئانت لەبەر نەبێ و بیست سی جار تەورات و ئینجیلت نەخوێندبێتەوە و فیقهی شافعی و حەنەفی و مالیکی و شیعەکانت نەخوێندبێتەوە و کتبەکانی ئیبنی تەمیە و سەحیحی موسلیم و بوخاری و کتێبەکانی حەسەن بەننا و سەید قوتبت نەخوێندبێتەوە، ناتوانی بێی بەرەنگاری مەلایەک دابنیشی و بە تیۆریی غەربی قسە بۆ ئەو و کۆمەڵگا بکەی. ناشتوانی تەنانەت خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خۆشت دەسنیشان بکەی...

کەواتە بخوێنەوە و خوێندنەوەکەشت لە خۆت و دەوروبەرتەوە دەست پێ بکە، جا بە قووڵییش بخوێنەوە...

**ڕۆژی کورد**: ژنان کەی دەتوانن بە مافەکان بگەن کە چیتر لە ڕۆژی ٨ مارسدا باسی مافی ژنان نەکەن و وەک کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ئەو ڕۆژە وەک هەموو ڕۆژێکی دیکە تێپەڕ بکەین؟

**ڕەسووڵ سوڵتانی**: بە باوەڕی من ژنی کورد زۆری ماوە داوای مافەکانی خۆی بکا، لەسەرەتای ڕێگەیە و تەنیا نوخبەیەکن و ئەوانیش هێشتا خۆیان ساغ نەکردووەتەوە و بە ڕوونی نائێن چیمان دەوێ، بەشێکی هەرە زۆریان مافی ژن لە دژایەتیی پیاواندا پێناسە دەکەن و پێیان وایە ژنی ئازا و ئازادیخواز ئەوەیە پیاو بە سووک بزانێ و قسە بە پیاو بڵێ و لە هەموو جێیەک بڵێ پیاو بەهیچ نازانم بەشێکیشیان جاری هەر جۆرەکانی ئەورووپیمان بۆ کۆپی دەکەن و هێشتا خۆیان نەگەیشتوونەتە سەر ئەوەی ئەو شێوە ئازادی و ڕزگارییەی ئەوان دەیانەوێ چییە و چەندەیە؟ پێشکەوتن و ئازادی بەلای ئەوانەوە چییە و چۆنە ڕاستە جەستەی ئینسان ملکی خۆیەتی و هیچ پێوەندیی بە خەڵکەوە نییە چۆناوچۆنی مامەڵە لەگەڵدا دەکا، بەڵام کە دێیە سەر ئەو باسە، هەرچەندە تۆزێک هەستیارە بەو حاڵەشەوە من ڕاشکاوانە ڕایدەگەیەنم لەگەڵ ئەوەدا خۆم وەک نووسەر و وەرگێڕێک ڕێز لە ئازادییەکانی ئینسان دەگرم پێشم وایە ئازادی و ڕزگاریی ژن بە خۆڕووتکردنەوە وەدی نایە.

**ڕۆژی کورد**: لە یەک ساڵی ڕابردوودا هێرشێکی بەربڵاو لە لایەن ژنان کرایە سەر جەنابت و کەمپەینیان وەڕێخست، دەگوترا تۆ دژی ژنان دەنووسی! وەڵامی جەنابت چییە؟

**ڕەسووڵ سوڵتانی**: ئەوانەی منیان بە دژە ژن لەقەڵەمداوە، خۆیان هیچیان بۆ ژن نەکردووە. ئەوانە هەر نووسین و تەرجەمەکانی من لە پێناو خزمەت بە دۆزی ژندا بخوێننەوە دنیایەک مەعریفە وەردەگرن. ئەوانە بێن و لە نزیکەوە هەڵسوکەوت و کردەوەی من لە چوارچێوەی خێزان و ماڵمدا ببینن دەزانن من چیم کردووە و چی دەکەم. ئەوە کۆمەڵێک کەس بوون نانی سیاسییان لێ خوارد و گەردنیشیان ئازاد بێ چونکە خزمەتێکی باشی قەڵەکەمەی منیان کرد و بەرهەمی باشی بۆ من لێ کەوتەوە کە لە داهاتوودا وەک کتێب چاپ و بڵاوی دەکەمەوە.

بەڵام من دژە ژن نیم، لانیکەم لە بەر حورمەتی تۆزی بنی پێڵاوەکانی دایکیشیم بێ قەت دژە ژن نەبوومە. هەمیشەش بە ئاواتەوە بووم ژنان پێشەنگ بن، بەڵام کولتووری رۆژئاوام بۆ کۆپی نەکەن. بێن و قسەی خۆیان بکەن. من کێشەم لەگەڵ رۆژئاوا نییە، بەڵام دەمەوێ ژنی کورد خۆی خاوەنی هزر بێ، هزری خۆرئاوا بخوێنێتەوە و ئینجا خۆی پێ بخوێنێتەوە. نموونەیەکی تیۆریی ئەدەبیت بۆ باس بکەم:

ئەو هەمووەی باسی هێرمنۆتیک و بنەماخوازی و فۆرمالیزم و جۆرەکانی رێبازە ئەدەبییەکان دەکرێ، هەتا ئەو رۆژەی ئەو تیۆرییانە بە کردەوە دەقێکی کوردییان پێ نەخوێنرێتەوە با هەر بڵێن: ژاک دریدا وا دەڵێ و تری ئیگلتن وای گوت. من دەمەوێ بەو تیۆرییانە نالی و مەحویم بۆ لێک بدەیتەوە، تا ئەو شتانە نەهێنی و خۆمی پێ نەخوێنیتەوە بەکارم نایەن.

با ژنی کورد بێن و کتێبێکی وەک رەگەزی دووەمی سیمون دی بۆڤارم بۆ بنووسن، بزانە وەک متفەرک لەسەر سینگمی دادنێم یان نا؟

با رۆمانێکی وەک دوریس لسینگ و مۆلیر بنووسن، بزانە دەیکەمە سوورمە بۆ بینایییم یان نا. بەداخەوە بەشێکی زۆر نالێم هەمووان ئازادی و رزگاریی خۆیان لە دژایەتیی پیاودا پێناسە دەکەن، لە حاڵێکدا ئەو دەبێ بە کردەوە من بێنێتە نێو سەنگەری خۆیەوە...

رێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

# کۆماری ئیسلامی دەبێ ڕێز لە مافی تاکەکان و کەمینەکان بگرێت




**خاتوو لیزا فەلەکەددین**

**ئەمرۆ یەکشەممە ١٦ی ڕەشەممە، ٢ کەس بە نوێنەرایەتی ٥ ڕێکخراوی مەدەنی یارسانی لە کوردستانی باشوور، سەردانی کۆنسوولگەری ئێران لە شاری هەولێریان کردوو نارەزایەتی خۆیان دەرحەق بە بێ ڕێزی کردن بە ئایینی یارسان و ڕێڕەوانی ئەو ئایینە کوردییە لە ئێران دەربڕی و نامەیەکیان دا بە کۆنسوولی ئێران لە هەولێر کە تێیدا داوای بە فەرمی ناسینی ئایینی یارسان لە ئێران و کۆتایی هێنان بە بێ ڕێزییەکان بەو ئایینە و ڕێڕەوانی دەکات. ئەو ٥ ڕێکخراوە مەدەنییەی یارسان بریتین لە: ناوەندی ڕۆشنبیری میهر، ناوەندی ڕۆشنبیری خەلیل منەوەر، کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی یارسان، مەکۆیی برایبە، فەلەکەددین فاوندەیشن.**

**بەو بۆنەوە ڕۆژی کورد، وتووێژێکی لەگەڵ خاتوونی چالاکی کورد، خاتوو لیزا فەلەکەددین کاکە بەرپرسی ناوەندی (فەلەکەددین فاوندەیشن) ئەنجام داوە و ڕای بەڕیزیانی لەمەڕ ئامانج و ئەنجام و چۆنیەتی ئەو کارە، پرسیوە.**

**ڕۆژی کورد: چۆن بوو بڕیارتان دا نامەیەکی ئەوتۆ بۆ کۆنسوولی ئێران بنێرن و ئەو داوایە بخەنە گەڕ؟**

**کاکەیی: ئەمرۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ ٥ ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی لە باشوری کوردستان سەبارەت بە هێرش کردنە سەر پیرۆزییەکانی یارسانیان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان یاداشتنامەیەکی نارەزایی هاوبەشمان پێشکەش بە کونسولخانەی کۆماری**



سەرچاوە
Serchawe

ئیسلامی ئێران لە هەولێر کرد. ئێمە وەکو یارسانیانی باشوری کوردستان بۆ هەر جۆرە پاڵپشتییەک بۆ یارسانیانی ڕۆژهەڵات هەمیشە ئامادەیی خۆمان دەربڕیوە، هەر بۆیە ئەم یاداشتنامەیەش بەشێکە لەو پاڵپشتییە. شایانی باسە هەر پێنج ڕێکخراوەکە لە بوارە جیاجاکانی (وەکو فەرهەنگی کولتووری، خێرخوازی، مافەکانی پێکهاتەکان)دا چالاکن. دەبێت ئەوەش بڵێم لە چوارچێوەی یاداشتنامەکەدا هاوکات داوای بە فەرمی چەسپاندنی ئایینی (یارسان)مان کردووە لە دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێراندا.

**ڕۆژی کورد**: تا چەند بەوە گەش بینن کە ئەو هەنگاوە دەستکەوتی هەبێ و کۆماری ئیسلامی ئایینی یارسان بە ڕەسمی بناسێ؟

**کاکەیی**: ئێمە زۆر بەباشی و لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانین بەرامبەر بە ماف و ئازادییەکانی تاکی ئەو وڵاتە بە گشتی. ئایین یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کەوا پەیوەستە بە خودی تاکەوە، بە پێی برگە و بەندەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ، پێویستە ڕێز لە بیروباوەڕی هەر مرۆڤێک بگیرێت و ئەو ئازادییەی پێ بدرێت کە بتوانێت ئەرکە ئایینییەکانی بەجێ بگەیەنێت. من ناتوانم ئەوە دیاری بکەم کە ئایا ئەم هەنگاوە چەند کاریگەری دەبێت، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت پەیوەست بێت بە پاراستنی مافی تەواوی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکانی وڵاتی ئێران بەبێ جیاوازی لەگەڵ زۆرینەدا.

**ڕۆژی کورد**: پێتان وایە ئەو بێ ڕێزییانەی ئێران بە یارسانەکان چ ئامانجێکی لە پشتە؟

**کاکەیی**: لە ئێستادا ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەشێوەیەکی سەرتاسەری گیرۆدەی جۆرە جەنگێکی مەزهەبی و ئایینی بووەتەوە و قوربانیانی یەکەمی ئەم جەنگەش کەمینە ئایینییەکانی ناوچەکەن. بۆ نمونە سەیری عێراق بکەن، کۆمەڵکوژییەکەی کوردانی ئێزیدی لە شەنگال و ئاوارەبوونی هەزارها خانەوادەی کریستیانی نەینەوا و دەشتی نەینەوا. ئەمە جگە لە ئاوارە بوونی سەدان خانەوادەی کاکەیی (یارسانی) و وێرانکردنی ماڵ و پەرستگاکانیان. ئەمانە هەمووی بەرهەمی ئەو هزرە توندڕەوییەن کەوا هاوشێوەی ڤایرۆسێک بە ناوچەکەدا بڵاوبووەتەوە و ڕێز لە هیچ جۆرە تایبەتمەندیێکی مرۆڤدۆستی ناگرێت و بڕوای بە هەمەڕەنگی نییە و دژی فرە کولتووری و هەر بیروباوەڕێکی جیاوازە. یارسان ئایینی چینێکی بەرچاوی دانیشتوانی ناوچەکەیە و ژمارەی پەیڕەوکەرانی زۆرە، هەر لەبەر ئەم خاڵەیە کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدرێت یارسان بکرێت بە بەشێک لەو ململانێ مەزهەبی و ئایینییەی کە ڕۆژانە بە هۆیەوە هاوڵاتیانی ناوچە جیاجیاکان دەبنە قوربانی (کوشتن، ئاوارەبوون، برسی بوون). ئارامگرتن، لەسەرخۆیی و مرۆڤ دۆستی ئەو تایبەتمەندییەتان کەوا ئایینی یاری پێشکەش بە پەیڕەوکەرانی خۆی کردووە، لەبەر ئەوەشە خۆشبەختانە تاوەکو هەنووکە نەتوانراوە یارسان بکرێت بە بەشێک



سەرچاوە
Serchawe

لەو ململانێ مەزهەبی و ئاینییەوە و پەیڕەوکەرانی بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە دانیان بەخۆیاندا گرتووە بەرامبەر هەر گەمەیەکی سیاسی.

**ڕۆژی کورد**: حکومەتی هەرێم لەمبارەوە دەتوانی چ کاریگەرییەکی هەبێ؟

**کاکەیی**: حکومەتی هەرێم دەبێت بە شێوەیەکی دیکە بڕوانێتە ئەم پرسە، چونکە پێش هەموو شتێک یارسانەکان لە کرمانشا بە نەتەوە کوردن و ئەوە پێشێلکارییەی بەرامبەر ئاینەکەییان ئەنجامدراوە واتا بەرامبەر هەموو کورد لە هەرچوارپارچە ئەنجام دراوە. بەدەنگهاتنی کوردانی هەرچوارپارچە بە پلەی یەکەم ئەرکێکی ئەخلاقی نەتەوەییە. دڵنیام لەوەی کە حکومەتی هەرێم پابەند دەبێت بە ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆی.

**ڕۆژی کورد**: ئەمڕۆ ٥ ڕێکخراو پێکەوە نامەیەکیان دا بە کۆنسوولگەری ئێران، لاتوان وا نیە ئەو هەموو ڕێکخراوە تەنیا لە باشوور و چەندین ڕێکخراوەی تری یارسان لە جیهان نیشاندەری نایەکهەڵویستی یارسانەکان بێ؟ چۆنە هەموو یەکناگرن؟

**کاکەیی**: ئەو ڕێکخراوانەی کە چالاکییەکانیان تایبەتە بە پێکهاتەی یارسان لە باشووری کوردستان ژمارەیان لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕێت. ئێمە توانیمان پەیوەندی بە هەموویانەوە بکەین بەڵام هەندێکیان بەبێ هیچ هۆیەک بێدەنگیان هەڵبژارد. هەرچی ئەو ڕێکخراوانەن کە لە دەرەوەی وڵاتن بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەوروپان، لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاویاندا پەیوەندیمان هەیە، دەتوانم بڵێم لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا بۆ دەربڕینی نارەزایەتییان بۆ ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی یارسانەکان لە ئێراندا ئەنجام دەدرێت لە ئەوروپاوە پێکەوە شاهێدی هەڵوێستیان دەبین.

* لیزا فەلەکەدین کاکەیی؛ چالاکوانی سیاسی

ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

# هیچ یاسایەک پشتیوانی لە ژنی کورد ناکات




**خاتوو ژیلا موستەنجیر**

**چالاکی سیاسی و مافی ئافرەتان،**

**ڕۆژی کورد: فەلسەفەی دەست نیشان کردنی ڕۆژی ٨ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ زۆر ژن لایان وایە کە دەست نیشان کردنی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی ژن نەک ڕێزگرتن لە ژن نییە بەڵکو سنووردارکردنەوەی کێشەی ژنانە و جۆرێک بێ ڕێزیە، ئێوە ڕاتان چیە؟**

**موستەنجیر**: هەروەک دەزانین سەدەیەک پێش ئێستا، لە وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمریکا دوای تێچووگەلێک کە ژنانی کرێکار بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان لە بواری ئابوورییەوە داویانە و دواتر ٨ی مارس کرا بە بۆنەیەک بۆ ڕێز گرتن لەو دەسکەوتەکانە کە ژنان، خەباتی خوێناویان لە ڕۆژئاوای جیهان بۆ کرد و هەموو ساڵێکیش بۆ ڕێز گرتن لەو خەباتەو سەلماندنی ئاشتی خوازی ژنان لەو ڕۆژەدا چالاکی تایبەت بەو ڕۆژەئەنجام دەدرێ،دیارە لە مێژووی هەموو نەتەوەکان و هەموو وڵاتان بۆنە تایبەتەکان ڕۆژێکیان بۆ تەرخان دەکرێ و لەو ڕۆژەدا بە شادی وبە چالاکی جۆراوجۆر یادی ئەو کۆمەڵە ڕوداوە کە لەو ڕۆژەدا خولقاون دەکرێتەوە،ئێمە لێرەدا دەبێ ئاور لە ڕوانینی خۆمان بدەینەوە کە ئایا ئێمە (چ وەکو ژنان چ وەکو پیاوان)چۆن دەڕوانینە کێشەی ژنان؟ئایا تەنها بە هاتنی ڕۆژی ٨ی مارس بیری ئازار وکێشەکانی ژنان

دەکەوینەوە؟ بەڵێ راستە ئەو مرۆڤانە کە تەنها لە ڕۆژی ٨ی مارس دا دەچنە سەر منبەر و ئاخ وداخی خۆیان بۆ بارودۆخی ژنان دەردەبرن بێرێزی بە مرۆڤایەتی دەکەن،راستی ئەو ڕۆژە ئەوەیە کە ئێمە سەراسەری ساڵ بۆ نەمان و بن بڕ کردنی کێشەکان هەوڵ بدەین و لە ٨ی مارس دا بەدەستێکی پڕەوە ڕێز لە تێکۆشانەکانمان بگرین.

**ڕۆژی کورد:** لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتاندا، دۆخی ژنانی کوردستان بە گشتی و کوردستانی خۆرهەڵات بەتایبەتی چۆن دەبینن؟

**موستەنجیر**: ژنانی کوردستان بەهەموو بەشەکانیەوە چ بەشی ئازاد کراو لەدەستی داگیرەکەر چ کوردستانی بندەست، لە دۆخێکی بەراستی نەخۆش و نالەباردا دەژین، ژنانی کوردستان هیچ یاسایەک پشتیوانیان لێ ناکا، ڕۆژانە لە هەواڵەکاندا دەبینین کە ژنان خۆیان دەکوژن،دەبینین کە بە ئاشکرا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و دەبینین کە بە منداڵی بەمێرد دەدرێن،لە لایەن حوکومەتی ناوەندیەوە بەردەوام ڕووبەڕووی بێرێزی دەبن،ئیزنی خۆپێگەیاندنیان ئەو جۆرە کە دەیانهەوێ پێ نادرێ و ناتوانن بەشداری لە چالاکیە جۆراوجۆرەکانی وەرزشی،ئابوری،سیاسی ،و هتد،ئەوجۆرە کە مرۆڤێک مافی هەیە و دەتوانێ بەشدار بێت،نیە وبەداخەوە ئەم جۆرە سەرکوتانەش هەم لەسەر دەستی داگیرکەر و هەم پیاوانیشەوە دەکرێت.

**ڕۆژی کورد:** فێمینیزمی کورد، لە چ دۆخێک دایە؟ چەمکێک بە ناوی فێمینیزمی کورد و فێمینیستی کورد، بە پێی پێوەری ڕاستەقینەی خۆی، بوونی هەیە؟

**موستەنجیر**: بزاڤی فێمێنیسم وەک هەرئیدۆلۆژیەک دەکەوێتە ژێر کاریگەری نەریتەکان و زۆر جاریش لەگەڵیان تێکەڵاو بووە، بۆ ئەوەیکە بە ئەحزاب و چالاکانی سیاسی بسەلمێنێ کە فێمێنیسم دژی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەل نیەو دەیهەوێ هاوتەریب تێبکۆشێ بۆ یەکسانی و بەرابەری رەگەزی کە بە داخەوە لێرەدا بە زۆر هۆکار،بزوتنەوەی رزگاری خوازی ژنان ناتوانێ رەوتی راستەقینە و ئوسولی خۆی ئەو جۆرە کەدەبێ ،بپێوێ وبەشێکی زۆری هەوڵەکان دەبێتە قوربانی مەسڵەحەتهایی ئەو کاریگەریە.

**ڕۆژی کورد:** پێدەچێ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، ڕەوتی فێمینیستی یان کاڵ بۆتەوە یان هێندە تۆخ نەماوە بەڵام کورد تازە تێیدا گەرم و گوڕ دەبێ، ئەو قسە تا چەند ڕاستە؟

**موستەنجیر**: باشتر وایە بڵێین کە چون ژنان لەو وڵاتانە لانیکەم توانیویانە مافەکانیان ببەنە نێو دەستور و یاسای وڵاتەوە و چاوەدێری بەسەر جێبەجێ کردنیان دەکەن و یاسا پشتگیری ژنان دەکات و چی دی تێکۆشانێکی ئەوتۆی بەناو وەدی

هاتنی مافەکان ناوێت، بەڵام هەنووکە لە خۆرهەڵات بەگشتی ئەم هەویرە ئاوی زۆری دەوێ و کوردیشی لەگەڵ دا بێت ساڵەهای ساڵ، بەهۆی جوغرافیایەکە تیایدا دەژیت و بونی ئایین و ئۆسلوبهایەکە بە ئاشکرا مافی ژنان پێشێل دەکەن، دەبێ خەباتی دو قۆڵی(ژن و پیاو) بۆ بکرێت و زۆر گەرمتر لەوەیکە هەیە ببێت.

**ڕۆژی کورد**: بوونی پارتێک بە ناوی پارتی فێمینیستی کورد، لە هەندەران و بێ هەبوونی هێزی چەکدار و توانایی هەڵسووڕانی فەرمی لە ناوخۆی وڵاتدا چۆن دەبینن؟

**موستەنجیر**: لە ڕاستیدا هەرچەندە ژنانی کورد بە مەسەلەی ژنانەوە سەرقاڵ بن کەمە، ژنانی ئەوروپا کە کات بۆ کێشەکانی ژنان دادەنێن لە دوو ڕوانگەوە بە بڕوای من باشە:

١- ئەوەیکە کۆمەڵگای ئەوروپا هەست بە زوڵم لێ کراوی ژنانی کورد دەکات و زۆر جار هەوڵی چارەسەری لە ڕێگەی جۆراوجۆری بۆ دەدات

٢- هەوڵی ژنان لە دەستەبەرکردنی مافی هەموو ژنان لە هەر شوێنێکە هەبن.

ئێمە ژنانێکمان هەیە کە بە هۆکارگەلی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگای خۆیان دابراون و ناچارەن لە واڵتێکدا دەژین کە هەل و دەرفەتی بەشداری خەباتی چەکداریان نیە،ئەو ژنەن دەتوانێ لە باری فکریەوە یارمەتی دەری تێکۆشانی ژنان بێت و ئەرکی خۆی بە جێ بگەیەنێ.

دیارە خەباتی ژنانیش سەرەتا دەبێ لەباری فکریەوە پڕ هێز بکرێ.

**ڕۆژی کورد**: قسەتان بۆ ژنانی کورد؟

**موستەنجیر**: ئێمەی ژنی کورد خەباتێکی گەورەمان لە پێشە، بۆ ئەوەیکە بتوانین براوەی ئەو خەباتە بین دەبێ بە باشی خۆمان و هێزی بۆ ئامادە و پەروەردە بکەین، دەبێ بە تێگەیشتنێک بگەین کە بەهەمو ژنانەوە بەشداری ئەو خەباتە بین و بۆەئەوەش ساکارترین ڕێگەچارە ئەوەیە کە چالاکانی بواری ژنان هەوڵ بدەن لە ڕێگەی ناوەند و ڕێکخراوەکاوەن، ژنان لە مافەکانی خۆیان سەرەتا ئاگادار بکرێنەوە دواتر پەروەردە بکرێن بۆ وەدەست هێنانی ئەو مافانە بە شێوازی سەردەمیانە و گونجاو لەگەڵ کات.

ڕێکەوتی: ٦ی مارچی ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## ژنێکی دەستەمۆم!




**خاتوو شەهلا یارحوسێنی**

**ژنێکی دەستەمۆم!**

**من دەستەمۆی دایکێکم کە ئەویش وەک من دەستەمۆی برایەک بوو، بیست ساڵ لە خۆی منداڵتر بوو!**

**من دەستەمۆی باوکێکم بووم، کە ئەویش دەستەمۆی پیاوانی گوندو، باوکی لە هەموو پیاوانی گوند دەترسا!**

**من دەستەمۆی برایەک بووم کە دە ساڵ لە خۆم منداڵتر بوو،**

**براکەم پێی دەگوتم تۆ کچیت و شەرم ڕێگای ژیانی تۆیە، تۆ نەبوویتایە ئێستا من تەنیا باڵ نەدەبووم و، برایەکەم دەبوو وەک خۆم زیرەک و چاونەترس دەبوو.**

**من دەستەمۆی جیرانێک بووم کە چوار نێرینەیان هەبوو، هەموو ڕۆژێک بە چوارقۆڵی ڕێگەیان پێدەگرتم و لە نوکی پێم تا تەوقی سەرم تەماشایان دەکردم و دواجار بە مۆرەوە پشتیان تێدەکردم.**

**من دەستەمۆی شارێکم کە هەموو خەڵکی مردووەو، لە نێو هەموو کەلە سەری مردووەکاندا وردەزیخ و بەردی ڕەجم هەیە!**


سەرچاوە
Serchawe

من دەستەمۆی باغەوانێکم هەموو ڕۆژێک، بە بێڵ بەر دەبێتە ڕۆح و ڕەگم، تا برینی جەستەم بە سۆ نەکات مەحاڵە دەستم لێ بەربدات!

لێرەوە چیرۆکی، من، تۆ، ئەو، ئێوە، ئەوان، هەموومانین!

من ژنێکی پەلکێشکراوم بە شەقامەکانی بەردا تێدەپەڕم و بە دەم هاواری داری دەستی نێرە زەلامێکەوە دەتلێمەوەو ڕوخسارم شەلاڵی خوینە.

بانگی لێ کردم تۆ هەی" قەحبە" هەستە بڕۆ خۆت خۆلاو بکە، تۆ گلاوی، گلاوتر لە "سەگ"

منی ژنی پەلکێش کراو، بە نوزەوە سەرم بەرز کردەوەو خەریک بوو بڵێم تۆ لە من بوویت، تۆ لێوەکانت بەر زێی من کەوتووە خوێنی نێوگەڵم پڕ بە قوڕگت بووە، بەلام لە پڕ بەردێک بە کیفەوە بەر نێو چەوانم کەوتو، خوێن چۆڕاوەی دەکرت بە بەرەۆکمدا، بەلام لە پڕ،ئازاری بەرد وای لێکردم تا دەمم گرتی پڕ بە گەرووم قیژاندم و هاوارم کرد لێمدەن بە بەرد تا دەتوانن، چونکە ئێوە نێوگەڵتان، عەقڵتانەو پەڕۆی بێنوێژی ژنێک شەرەفتانە.

تۆ چیت؟ تۆ گێلە پیاوی جەهل و میرات گریت و خێڵەکەت بە شەقامی بکوژەکان ناسراوەو کیژۆڵە پاکیزەکان، بە نرکەو نەڕەی ئێوە تۆقاون و لە حیلەو هەڵپە هەڵپی ئێوە ئاوس بوون، لە دوای ئەو هەموو کاتە ئاوس بوونە بە ئێوە چیمان دەستکەوت؟

هیچ!

تەنها و تەنها بەرد و کوتەک پاشان مردن!

شەهلا یارحوسێنی

**ڕێکەوتی: ٨ی مارچی ٢٠١٦**



سەرچاوە Serchawe




**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی**

**ڕەشەمێ ٢٧١٥ کوردی - مارچی ٢٠١٦ی زایینی**